کورد و کوردستان

لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا

تامانج نازم بیجان

کورد و کوردستان

لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا

ئامانج نازم بیجان

چاپی یەکەم
٢٠٢٢

ناوی کتێب: کورد و کوردستان له نووسراوه ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا
ناوی نووسەر: ئامانج نازم بیجان
بابەت: مێژوویی
دیزاین و بەرگ: فواد کەولّۆسی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - ۲۰۲۲
شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج - سلێمانی
نرخ: (۲۰۰۰) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( )ی ساڵی (۲۰۲۲)ی پێدراوە.

ناوەڕۆک

پێشگووتن ٧

پێشەکی ١١

تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمکی کوردناسیی ١٣

تەوەرەی دووەم: پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ١٨

تەوەرەی سێهەم: کورد و کوردستان لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ٢٩

ئەنجام ٤٣

پەراوێز و سەرچاوەکان ٤٥

لیستی سەرچاوەکان ٥٣

پوختەی توێژینەوە بە زمانی کوردی ٥٩

ملخص البحث باللغة العربية ٦١

ABSTRACT ٦٣

پێشکەشە بە:

خاتوو (ئانیا فۆرۆپۆنۆڤا), کەوا فێری زمانی ڕووسی کردم

پێشگووتن

مێژووی کوردناسیی وەکو لقێک لە بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی, دیرۆکێکی دێرینی هەیە, کەوا بە کۆمەڵێک قۆناغ و بارودۆخی جیاوازدا تێپەڕیووە و بەرەوپێشەوە چووە. سەرەتای بایەخدانی ڕووس بە مێژوو و زمان و وێژە و کولتووری کوردی, دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم. ئاشکرایە تۆێژینەوە لە بارەی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕووسەوە لەخۆوە نەبووە, بەڵکو چەند هۆکارێکی گرنگ لە پشت سەرەتاکانی کوردناسیی لە ڕووسیادا هەبووە, کە ڕەنگبێت لایەنی ڕامیاری لە پێشی ئەو چەند پاڵنەرەوە بێت. کوردناسیی لە ڕووسیادا, هەڵگری چەندین ڕەهەند و تایبەتمەندیی دیارە. شیاووی باسە, بایەخدان و نووسین لەمەڕ مێژووی کوردەوە لە سەدەی نۆزدەهەم لە ڕووسیادا, زیاتر لە پاڵ کاری ڕۆژهەڵاتناسیدا بووە, یاخود ڕوونتر بڵێین ناوی کورد و مێژووی کوردستان لە چوارچێوەی باسی ئیراننناسیی و تورکیاناسیدا هاتووە. بەڵام دواتر و لە سەدەی بیستەمدا پێشدەکەوێت و وەکو بەشێکی تایبەت گرنگی بە کوردناسیی دەدرێت و, دەچێتە نێو چوارچێوەی تۆێژینەوە زانستییەکانەوە. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین ڕووسیا دەوڵەمەندترین شوێنە بۆ بابەتی کوردناسی, ئەوە بۆ نزیکەی دوو سەدەیە, کارکردن لەم بوارەدا بەردەوامە, هەتاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت سااڵنە لە زانکۆکانی ڕووسیا, چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە بارەی

کوردناسییەوە دەنووسرێت, جیا لەوەی بەدەیان تۆژینەوەی زانستی و کتیب بە زمانی ڕووسی لەو بارەیەوە بڵاو دەکرێتەوە. جێگەی سەرەنجە, لە کوردستاندا کەمترین کار لەبارەی کوردناسییەوە کراوە, بەڵکو لە هەندێک شوێندا بەهەڵە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئاشکرایە لە زۆر بەش و کۆلێجی زانکۆکانی کوردستان, بابەتێک لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ دەخوێندرێت بە ناوی (کودۆلۆجی) یان کوردناسیی, کەچی ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بریتییە لە مێژووی دێرینی کورد و کوردستان, یاخود باسەکانی لەمەڕ زمان و وێژەی کوردییە ! یاخود زۆر جار ناوی تۆژەر و نووسەری کورد, بە کوردناس دەبرێت, لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک بابەت کە تایبەتە بە مێژووی کورد, زمان و وێژەی کوردی و کولتووری کوردی, کەچی دەخرێتە چوارچێوەی بابەتی کوردناسییەوە ! باوەڕناکەم لە هیچ شوێنێکدا بابەتی وامان وابەرچاوو بکەوێت. نەبیستراوە تۆژەرێکی ڕووس, مێژووی ڕووسیا بنووسێتەوە و بە ڕووسناس ناوەزد بکرێت, هەرگیز بەرچاو نەکەوتووە, نووسەرێکی ئەڵمان, سەرقاڵی نووسینەوەی مێژوو و کولتوور و زمان و وێژەی نیشتیمانی خۆی بیت, کەچی بابەتەکەی بچێتە چوارچێوەی ئەڵمانناسییەوە ! بابەتی کوردناسیی, ئاشنابوونی بیانییەکە لە غەیرە کورد, بە زمانێکی بیانی و لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان, لە بارەی مێژوو, زمان و کولتووری کوردەوە کاردەکات. ئەرک و پەیامەکەشی, ناسینی کوردە بە جوگرافیا و زمان و نەتەوەیەکی جیاواز, کە تێیدا هەوڵدەدات کورد بناسێنێت. خوێنەری هێژا, ئەم تۆژینەوەیە لە بنەڕەتدا پێشکەشی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کوردستاننناسی-(پ.د. عیزەددین موستەفا ڕەسوڵ) بە دروشمی (شارستانییەت لێرەوە تێپەڕی) کراوە, کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند لە ڕێککەوتی (٢٣-٢٠٢١/٦/٢٤) و, لە سەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو, لە هۆڵی (پرۆفیسۆر

حەمید مەجید) بەڕیوەچوو. جێگەی باسە, لە بڵاوکراوەیەکدا بە ناونیشانی: (پرۆگرامی کۆنفرانس), تێیدا پەیامەکان, دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانس, بەڕێوەبەرانی دانیشتنەکان, ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفرانس و سیڤی-ژیاننامەی زانستیی توێژان و پوختەی توێژینەوەکان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە دووتوێی (٨٤) لاپەڕدا بڵاوکرایەوە. پاش پێشکەشکردنی توێژینەوەکان, لە کۆتایدا بڕوانامەی بەشداریکردن بەسەر توێژەراندا دابەشکرا. شیاووی باسکردنە, بۆ یەکەمجار کە توێژینەوەکەم پێشکەشی زانکۆی نێوبراوو کرد بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی زانستیی, پاش ماوەیەک خۆشبەختانە توێژینەوەکە پەسەند کرا. ئیدی دواتر بەڕێز: (پ.ی.د. سامان حوسێن ئەحمەد) پێی ڕاگەیاندم کەوا بەڕێزیان هەڵسەنگاندنی بۆ توێژینەوەکەم کردووە, باسی لەوەش کرد کە بۆخۆی سەرەتا توێژینەوەیەکی بەو ناونیشانەوە ئامادەکردبوو, بەڵام کە ئەمەی منی هەڵسەنگاندووە, هەندێک زانیاری نوێی تێدا بینیووە, ئیتر بابەتێکی تری بۆ توێژینەوەکەی خۆی هەڵبژاردووە. ڕاستی ئەم هەڵوێستەی زۆر دڵخۆشی کردم, کە لە میانەیەوە کەسێتی و زانستێتی ئەو توێژەر و مامۆستایەم بۆ دەرکەوت.

ئامانج نازم بیجان

٢٠٢٢-٩-٢٨

پێشەکی

کوردناسیی وەکو لقێک لە ڕۆژهەڵاتناسیی, پێگە و گرنگی خۆیی هەیە لە نێو سەرچاو و تۆێژینەوە بیانییەکاندا. ئێمەی کورد, بەو پێیەی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووین, نەمانتوانیووە وەکو پێویست مێژووی خۆمان بنووسینەوە. بۆیە زۆر جار, لە لایەن کەسانی بیانییەوە بەشیک لە مێژووی پەرش وبڵاومان تۆمار کراوە. ڕەنگ بێت, کوردناسیی وەک و زانستێک لە ماوەی ڕابردوودا, توانیبێتی تا ڕادەیەکی باش, کەلێنێکی گەورەی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەییمانی پڕ کردبێتەوە. وێڕای ئەمەش, تێڕوانین و نووسینەوەی مێژوومان لە لایەن کەسانی بیانییەوە جێگەی بایەخە, بۆ ئەوەی بزانین ئەویتر-(الأخر) چۆن لە مێژووی کوردیان ڕوانیووە ؟! لەم سۆنگەیەوە تۆێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (کورد و کوردستان لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا) دەستنیشان کردووە, کە هەوڵێکی زانستییە بۆ خستنەڕووی سەرەتای کوردناسیی لە ڕووسیادا. هەتاوەکو ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادار بین, هیچ تۆێژینەوەیەکی زانستیی لەم بارەیەوە نەنووسراوە. لەم تۆێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە چەردەیەک لە مێژووی کورد و کوردستان لە نووسراوە ڕووسییەکاندا بخەینەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی تۆێژینەوەکە, لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێک دێت, تەوەرەی یەکەم: هەوڵمان داوە کوردناسیی وەک و چەمک و زاراوە لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە

بناسێنین, تەوەرەی دووەم: تیشکمان خستۆتە سەر پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد لە سەرەتای سەرەتای نۆزدەهەمدا, وەکو هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی کوردناسیی لە ڕووسیادا. تەوەرەی سێهەم: تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی گرنگترین ئەو نووسراوە ڕووسییانەی کەوا باسی کورد و کوردستانی تێدا هاتووە لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا. هەرچی تایبەتە بە ڕێبازی توێژینەوەکە, هەوڵ دراوە ڕێبازی گێڕانەوەی مێژوویی و هەندێک جاریش ڕێبازی ڕاڤەکاری و شیکاری تێدا پەیڕەو بکرێت, چونکە توێژینەوە و نووسینەوەی مێژوو, زۆر پێویستی بە شیکردنەوەیە, بۆ ئەوەی خوێنەر لە هۆکار و ئەنجامی بابەتەکە تێبگات. سەبارەت بە سەرچاوەکان, هەوڵمان داوە گرنگترین ئەو سەرچاوە زانستییانە بەکار بهێنین, کە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و زانستییەوە نووسراون. سەرچاوەکانیش هەمەجۆرن, کە خۆیان لە ووتار و توێژینەوەی زانستیی و کتێب و تێزی دکتۆرا دەبینێتەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ڕووسی.

تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمکی کوردناسیی

پێش ئەوەی ڕاستەوەخۆ بچینە نێو باسەکەمان, بە پێویستی دەزانین لێرەدا زۆر بە خێرایی کوردناسیی وەک و چەمک و زاراوە بخەینەڕوو. بە تایبەتی بەو زمانانەی کە توێژینەوە و کاری زانستییان لە بارەی کوردناسییەوە ئەنجام داوە, بۆ ئەوەی ببێت بە بەرچاووڕوونییەکیش بۆ ناساندنی زاروەکە. (Kurdology)-کوردەلۆجی زاراوەیەکە لە نێو زمانە ئەوروپییەکان دا, کە لە هەردوو ووشەی (Kurd)-کورد لەگەل (Logos)-زانست ی زمانی یۆنانییەوە دروست بووە. لە زمانی ڕووسی دا ووشەی هاوشێوەی (Курдоведение)-کوردەڤێدێنیێ ی بۆ بەکار هاتووە [1]. لە بەرانبەردا ووشەی (Kurdologie)-فەڕەنسی و (Kurdology)-کوردەلّەجی ئینگلیزی و (Kurdenkunde)-ی ئەڵمانی بەکار هاتووە[2]. هەرچی تایبەتە بە زمانی عەرەبییەوە, دەبینین زیاتر لە شێوەیەک لە نووسین بۆ کوردناسیی بەکار هاتووە. هەندێک (الكردولوجيا) و (كرديلوجي), یاخود (الدراسات الكردية) لە نێو سەرچاوەکان دا بەکار دەهێنرێت. لەم بارەیەوە توێژەرێک پێی باشترە لە بەرانبەر کوردناسیی کوردیی دا, ئاوا ووشەی (الكردلوجيا) ی عەرەبی بەکار بهێنرێت, لاشی وایە ئەمەیان دروستترە بە بەراورد لەگەڵ هەردوو زاراوەی (الدراسات الكردية) و (الاستكراد) [3]. لەگەل ئەمەش دا, توێژەری واش هەبووە, هاوتای ووشەی (Kurdenkunde)-ی

ئەڵمانی, ووشەی (کوردەوانی) بە هەڵبژادنێکی بەجێی زانیووە [٤]. لە کۆی ئەو هەموو ووشە و زاراوانەی خرانە ڕوو, دەکرێت زاراوەی (الکردلوجیا) بۆ زمانی عەرەبی و, (کوردناسیی) یش بۆ زمانی کوردی بەکار بهێنرێت. ئەگەر سەرەنجی ئەو تۆژەر و پسپۆڕانەش بدەین کە ماوەیەکی زۆر لە زانکۆکانی دەرەوە خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە, کە پەیوەندییەکی زۆرباشیان لەگەل کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسان و تەنانەت لەگەڵ ئەو دەزگایانەش کە بە کاری کوردناسییەوە سەرقاڵ بوونە, ئەوە زاراوەی کوردناسیی یان بەکار هێناوە. چونکە دەکرێت بڵێین: پڕ بە پێستی بکەر و کارەکەیە و, زاراوەیەکی دروستە بۆ گەیاندنی پەیامی کوردناسیی. ئاشکرایە ووشەی (کورد) بە واتای نەتەوەی کورد دێت و, (ناسی) یش لە کورتکراوەی چاوگی (ناسین) ەوە هاتووە, کە لە شێوەی ڕەگی چاوگ و پاشگری (ی) پێکهاتووە. لێرەدا هەردوو ووشەکە لێکدراوەتەوە و بوونەتە زاراوەیەک لە زمانی کوردی دا [٥]. هەڵبەت کوردناسیی وەک و بەشێک یاخود لقێک لە ڕۆژهەڵاتناسی, هەموو نووسراوێک لە ووتار و ڕاپۆرت و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە کورد و کوردستان وەک و: جوگرافیا, مێژوو, زمان, فۆلکلۆر, وێژە, هونەر, ئایین, داب و نەریت, بیناسازی, شوێنەوار, ڕامیاری, ئابووری, جل و بەرگ هتد... لە ڕابردوو و لە ئێستاش دا [٦]. واتە کوردناسی هەڵگری پەیامی ناسین و کرانەوەی نەتەوەی کوردە لە بوارە جیاجیاکان دا بە دونیادا. دیارە ئەم زاراوەیە وەک و هەر زاراوە و کایەیەکی زانستی تر, خاوەنی کۆمەڵێک ڕەهەندی تایبەت بە خۆیەتی. بۆ نموونە دەکرێت لە ڕێگەی زمان, وێژە, مێژوو, هونەر, فۆلکلۆری کوردییەوە بچینە نێو ئەم زانستەوە. بۆیە ئەم بوارە خۆی لە کرانەوە و ئاشنابوونی کورد و کوردستان دا دەبینێتەوە بە ڕووی ئەویتر دا, کە

شارەزایی مێژوو و جوگرافیا و زمان و وێژەی کوردی نییە, یاخود بە واتایەکی تر, کرانەوە و ناساندنی کوردە بە وواڵات و کەسانی بیانی لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەک بە ناوی بکەر (أسم الفاعل) و هەڵگری ئەم ئەرک و کارە بکەین, ئایا ئەوانە کێن پێیان دەوترێت کوردناس ؟ (پ.د. مارف خەزنەدار)-(١٩٣٠-٢٠١٠) لای وایە کوردناس, ئەو زانا و مامۆستا و خوێندەوارەیە کە لە مەیدانی کوردناسیی دا کار دەکات. بۆخۆی کەسێک لە هزرمان دا وێنا دەکات, کە کورد دەناسێنێت, بە زۆریش ئەو کەسە خۆی لە وێنەی کەسێکی غەیرە کورد دەنوێنێت, چونکە کورد خۆی دەناسێت, بۆیە دەبێت ئەو کەسە لە غەیرە نەتەوەی کورد بێت و بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی بووبێت بە پسپۆڕ لە کاروباری میللەتی کورد, بە هەمان شێوە بەو کەسەش دەوترێت کوردناس[٧]. هەڵبەت ئەوانەش لە بارەی مێژووی کورد یاخود کوردستانیان نووسییوە ناتوانین بە تەواوەتی ناوی کوردناسیان بە تەنها بۆ بەکار بهێنین, چونکە هەندێکیان هێندەی وەک و ڕۆژهەڵاتناس کاریان کردووە, ئەوەندە بە کاروباری کوردەوە سەرقاڵ نەبوونە, زۆر جاریش لە پاڵ ڕۆژهەڵاتناسیی دا چەند بابەتێکیان لە بارەی کوردەوە نووسیووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا, چەندین زانا و لێکۆڵەری گەورە هەن, کە تەواوی تەمەنی خۆیان بۆ کوردناسیی تەرخان کردووە, بۆ نموونە کەسێکی وەک و (ڤاسیلێڤا ئێڤگێنییا ئیلینیچنا) تەواوی ژیان و تەمەنی خۆی بۆ کوردناسیی و مێژووی کورد و کوردستان تەرخان کردووە. یەکێک لەو باس و خواستانەی کە جێگەی خۆیەتی هەڵوەستەی لەسەر بکەین, ئەویش شوێنی جوگرافیای کاری کوردناسییە. ئاشکرایە جگە لە نووسەرە بیانییەکان, چەندین زانا و لێکۆڵەری کوردیشمان هەبووە لە دەرەوەی کوردستان بە کاری کوردناسییەوە خەریک بوونە. ئایا دەکرێت

بەمانەش بووترێت کوردناس ؟ (پ.د. مارف خەزنەدار) لەم بارەیەوە نموونەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەتی جاران و ڕووسیا دەهێنێـەوە, کە هەندێکیان توانیوویانە خوێندن تەواو بکەن و شوێنی ژیان و گوزەرانی خۆیان گواستۆتەوە, وەک و هەموو خوێندەوارێکی ڕووس لە مەیدانی کوردناسیی دا لە شارە گەورەکانی وەک و مۆسکۆ و سانت پێتێرسبورگ کاردەکەن. ئەو لای وایە هەوڵ و کۆششی ئەمانە دەچنەوە ناو کاری کوردناسییەوە. تەنانەت نموونە لە بارەی خۆیەوە دەهێنێتەوە, وایدەبینێت ئەو کاتەی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستیی سانت پێتێرسبورگ بووە, ئەو کار و چالاکییە زانستییانەی ئەنجامی داوە بە زمانی ڕووسی, ئەوە ئەم جۆرە کارانە دەچنە خانە و چوارچێوەی کاری کوردناسی ڕووسیاوە. بەڵام ئەوەی لە نیشتیمان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاویان کردۆتەوە, ناچنە ئەو چوارچێوەیەوە [٨]. لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, کە شوێنی جوگرافی کارکردنەکە زۆر گرنگە. هەرچەندە ئەم بابەتە زۆر هەستیارە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا نێوبراوو زۆر جوان شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ کردووە. چونکە ئێمە دەزانین جگە لە ڕووس, چ لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران و چ لە ڕووسیای فیدراڵ, چەندین زانای کوردمان هەبووە کە تەواوی تەمەنی خۆیان لە بواری کوردناسیی دا تەرخان کردووە. کەواتە کوردێکیش لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان, ئەگەر بە زمانێکی بێگانەی وەک و ڕووسی بنووسێت و کورد بناسێنێت, ئەوە کارەکانی دەچنە نێو بواری کوردناسییەوە. جێگەی باسە, کوردناسیی وەک و زانستێکی سەربەخۆ لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی دا, لە پاش جەنگی گەورەی نیشتیمانی (١٩٤١-١٩٤٥) ەوە گەشەی کردووە. بەڵام ڕیشە و سەرەتاکانی ئەم پێشکەوتنە, دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی

نۆزدەهەم [٩]. هەڵبەت کوردناسیی هەر لە پاڵ ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسی و تورکیاناسی دا باسی هاتووە. هەتاوەک و ساڵی (١٩٥٩) بە هەوڵ و کۆششی (ی.ئا.ئۆربیلی)-(١٨٨٧-١٩٦١) سەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە شاری لێنینگراد, بەشی کوردناسیی لە ئێرانناسی جیا کرایەوە, هەتاوەک و ئەو کاتە, کوردناسیی لەگەڵ ئێرانناسی بووە [١٠].

تەوەرەی دووەم: پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا

لێرەدا هەوڵ دەدەین, زۆر بە کورتی و خێرایی باسی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد بکەین لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا, چونکە لامان وایە ئەم پەیوەندییانە, کە دواجار پەرە دەسێنێت, هۆکار و پاڵنەری سەرەکی سەرهەڵدانی کوردناسییە لە ڕووسیادا. دەمێک بوو قەیسەرەکانی ڕووسیا کەڵکەڵەی داگیرکردنی ناوچە شاخاوییەکانی قەفقاز و نیمچە دوورگەی قڕم و کەنارەکانی هەردوو دەریای ڕەش و قەزوینیان لە خەیاڵ دابوو. دیارە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەم ناوچانەو دانیشتوانەکەشییەوە ئامادە کرابوو, بەڵام هەتاوەکو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا, شتێکی ئەوتۆ لە بارەی کوردەوە نەدەزانرا [١١]. دیارە ئەمەش بی هۆ نەبووە, هەڵبەت ناوچەکانی پشت قەفقاز بە هۆی پێگەی ستراتیجی و دەوڵەمەندیی بە سەرچاوە سروشتییەکانییەوە, بایەخێکی زۆری بۆ ڕووسیا هەبووە. چونکە لە ڕێگەی داگیرکردنی ئەو ناوچانەوە, ڕووسیا ئاسۆیەکی فراوانی بۆ گەشەسەندنی بازرگانی لەگەڵ ووڵاتانی ئاسیادا دەکردەوە, بە هەمان شێوە پێگە و گرنگی دەریای قەزوین و دەریای ڕەشیش بایەخیان کەمتر نەبوو, چونکە ئەو کات ڕووسیا لەو ڕێگایەوە دەتوانێت ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەرفروان لەگەڵ ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بکات. لەگەل ئەمەش دا بۆ پاراستنی سنوورەکانی باشووری

خۆی, ڕووسیا دەبوو دەست بەسەر ناوچەکانی نێوان هەردوو دەریای قەزوین و ڕەشیش بگرێت [١٢]. سەبارەت بە مێژووی بوونی کورد لەو ناوچانەدا, کە دواتر بوون بە بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا, مێژوویەکی کۆنتری هەیە, واتە پێش سەدەی نۆزدەش هەمیشە کورد لەو ناوچانە ژیاوون, بۆ نموونە میرنشینی شەدادی لە سەدەکانی (١٠-١٢) ی زایینی دەستی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی ناوچەی قەفقازدا ڕۆشتووە, کە زیاتر ئازەربایجانی دەگرتەوە[١٣]. بێ گوومان ئەم بابەتە مشتومڕی زۆری لەسەرە, ئایا ئەو ناوچانەی کوردی لێ ژیاوە, بە بەشێک لە جوگرافیای کوردستان دادەنرێت ؟ بە پیویستی دەزانین دوو نموونە لەو بارەیەوە بخەینەڕوو. (ڤ .ف. مینۆرسکیی)-(١٨٧٧-١٩٦٦) لای وا بوو کەوا بوونی کورد لە ڕووسیادا بۆ یەکەم جار دەگەڕێـەوە بۆ مۆرکردنی (پەیمانی گوڵستان) لە ساڵی (١٨١٣) زایینی لەگەڵ دەوڵەتی فارس دا [١٤]. هەر لەم بارەیەوە (م.س. ڵازاریڤ)-(١٩٣٠-٢٠١٠) یش لە چاوپێکەوتنێکی دا دەڵێت: کوردەکان لە یەکێتی سۆڤییەت, لە کوردستانەوە نزیکترن, ئەو ناوچانەی لە سۆڤییەت, کورد لێی دەژین, بەشێکی جوگرافیای کوردستان نین. تەنانەت باسی دووری خاکی کوردستان دەکات لە یەکێتی سۆڤێتەوە. لە کۆتایی دا دەڵێت: بە کورتییەکەی, کوردی کوردستانی و, هی ناکوردستانیش هەن, ئەوانەی سۆڤییەت کوردستانی نین [١٥]. بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم وەها دەهاتە پێش کە دەبوایە ڕووسیا دوو شەڕ لەگەڵ فارس و چوار شەڕیش لەگەل تورکیادا بکات, لەم شەڕانەدا لەسەر شانۆی ئۆپەڕاسیۆنەکانی قەفقازدا, بەردەوام کورد بەشداری تێدا کردووە. لە سەرەتادا لە ڕیزی دوژمنەکانی ڕووسیا و دواتریش چووە پاڵ هاوپەیمانەکانی ڕووسیاوە[١٦]. زۆر لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان, سەرەتای پەیوەندییەکانی ڕووس و کورد دەگەڕێننەوە بۆ دەسپێکی سەدەی نۆزدەم.

به تایبەتی ئەو دەمەی دەوڵەتەکانی پشت قەفقاز: (جۆرجیا-باکووری ئازەربایجان-ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا) خرایە سەر ڕووسیا. سەرەڕای سروشتی داگیرکارانەی ڕامیاری قەیسەریی, کەچی ڕۆڵی ڕووسیا لە بونیادنانی چارەنووسی مێژووی گەلانی ناو ئەم دەوڵەتانە, شێوازێکی پێشکەوتنخوازی بەخۆیەوە هەڵگرتبوو [١٧]. لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا لەگەڵ ئێران و ڕووسیا لەگەڵ تورکیادا, بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم دا, چ خاکی کورد و چ کورد وەک و نەتەوەیەکی دیاری ئەو ناوچەیە, ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوو و گرنگی بینیووە, کە بێ گوومان ئەم پەیوەندییە ڕامیارییانەی نێوان کورد و ڕووس دواتر پەرەدەسێنێت و, کورد دەبێتە جێی سەرەنجی ڕووسەکان. هەوڵ دەدەین زۆر بە خێرایی چەند هێڵێکی گشتی لە بارەی بەشداری کورد لەو شەڕانەدا باس بکەین. لە کاتی باسکردنی پەیوەندییەکانی ڕووس و کورد, بەشێوەیەکی ناڕاستەوەخۆ وا پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم پەیوەندییانە بەشێوەیەکی تایبەتی زیاتر شێوازی هاوکاری سەربازییان پێوە دیارە لە خەباتکردن دژ بە (شا) یەکانی ئێران و سوڵتانەکانی تورکیا. هەڵبەت نزیکبوونەوەی کورد لە ڕووس دەگەڕێتەوە بۆ بێ بەشبوونیان لە مافە نەتەوەییەکانیان و چەوساندنەوەیان لە لایەن دەسەڵاتی ئێران و تورکیا, ویڕای ئەمەش لەو کاتەدا ڕووسیا لە ڕووی کولتووریی و ئابووریییەوە لە ئێران و تورکیا پێشکەوتووتر بوو [١٨]. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا لە سایەی چوونە پاڵی گەلانی ناوچەکانی پشت قەفقاز بۆ پاڵ ڕووسیا, پەیوەندیی ڕامیاری لە نێوان سەرکردایەتی سەربازیی ڕووسیا لە قەفقاز و هەندێک سەرکردەی کورد دروست بوو. کە دواتر پەیوەندی هاوکاری لە نێوان یەکەکانی کورد و ڕووس دروست بوو لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران (١٨٠٤-١٨١٣)- (١٨٢٦-١٨٢٨) و شەڕی نێوان ڕووسیا و تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٨٢٨-

١٨٢٩) [١٩]. دیارە یەکەم پەیوەندیی نێوان نوێنەرانی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و سەرکردە و گەورەکانی کورد, دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٠٤) و ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران لە ماوەی ساڵانی (١٨٠٤-١٨١٣) [٢٠]. شیاووی باسە, لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران (١٨٠٤-١٨١٣) و تەنانەت لە شەڕەکانی دواتریش دا, دانیشتووانی جۆرجی و ئەرمەنی و ئازەربایجانیش یارمەتی هێزی ڕووسیایان داوە لە ناوچەکانی پشت قەفقاز, بە هەمان شێوە کوردیش بە گوێرەی توانای خۆیی هاوکاری و یارمەتی سوپای ڕووسیای داوە [٢١]. لەگەڵ ئەمەش دا زۆر کورد هەبوون چوونە ڕووسیا و ناسنامەی ڕووسییان بەدەستهێناوە. بۆ وێنە: ساڵی (١٨٠٥), نزیکەی (٤٠٠) خێزان چوونە ڕووسیا و ناسنامەی ڕووسییان وەرگرتووە. لە ماوەی ئەم شەڕەدا, دیارە هەڵوێستی کورد لەو ناوچەیە زیاتر لەگەڵ ڕووس بوونە. ئەوەتا لەماوەی ئەم شەڕەدا بەشێکی زۆر لە کوردانی ئێران-(ئەردەڵان) ڕەتیان کردۆتەوە دژی سوپای ڕووسیا بجەنگن [٢٢]. وە هەروەها سوارەی کورد کە لە ناو کۆچەرەکانی ئێریڤان و ئازەربایجان دا دروستکرابوون, خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لەشکری ڕووسی دا دەپاراست [٢٣]. شیاووی باسە, کوردانی ناو لەشکری ئێران بە نادڵی بەشداری شەڕەکەیان دەکرد, هەڵوێستی کورد لە میرنشینی ئێریڤان, هەروەک و (پ.ی. ئەڤێریانۆڤ) باسی لێوە دەکات, دەتوانین بڵێین کەوا نزیکەی (٨) هەزار خێزان بەشداری ئۆپراسیۆنەکانی شەڕیان نەکردووە لەگەڵ فارس لە دژی ڕووسیادا [٢٤]. ساڵی (١٨٠٥) سەرکردە قەیسەرە سەربازییەکانی ڕووسیا, جارێکی تر هەوڵی نوێیان دا بۆ ڕاکێشانی کورد بۆ لای ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا, بەڵام دیارە ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوونە, تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریش لە نێوان سەربازانی کورد و ڕووس دا ڕووی داوە [٢٥]. کاتێک لەشکری ڕووس جۆرجیای داگیر کرد,

(تیستسیانۆڤ) ی سەرلەشکری ڕووس, لە (٢٤) ی تەموزی ساڵی (١٨٠٤) نامەیەکی بۆ (حوسێن ئاغا) ی سەرۆکی کوردە کۆچەرییەکانی ئێریڤان نارد, کە سواڕەکانیان خستبووە ژێر فەرماندەی لەشکری ئێرانەوە, سەرلەشکری ڕووس داوای لە حوسێن ئاغا کرد بێتە لایەنگری ڕووسیا, بەو مەرجەی هەموو مافەکانی بپارێزرێت و هەر بە سەرۆکی هۆزەکان بمێنێتەوە, دیارە حوسێن ئاغا وەڵامی ڕووسەکانی نەداوەتەوە, وەهاوکارەکانیشی لە ناوچەی ئێریڤان کێشاوەتەوە, کە ئەمەش بۆ ڕووسیا هەر بە سوود بووە [٢٦]. دەبێت ئەوەش بگووترێت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا, چەند کەتیبەیەک لە سواڕەی کورد لە شەڕەکانی تورکیا و ئێران دژی ڕووسیا پێکهێنراوون, ئەم کەتیبانە لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆ بوون لە ژێر فەرمانی سەرکردەی عەشیرەتی کوردان بوونە [٢٧].

شیاووی باسە, شەڕی (١٨٠٤-١٨١٣), بە یەکەمین و درێژترین شەڕی نێوان ئەو دوو وواڵاتە بوو, کە کۆمەڵێک شکستی ڕامیاری و سەربازی نوێ و گەورەی بۆ ئێران بە دوای خۆی هێنا. ئەوە بوو دواتر لە (٢٤) ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨١٣) پەیمانی گوڵستان (Culistan) بە نێوەنگیری ڕاستەوەخۆی بەڕیتانیا مۆر کرا [٢٨]. دیارە مۆرکردنی ئەم پەیمانە, بووە هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوەی پلەوپایەی ڕووسیا لە ناو کورددا. وە ڕووسیا توانی دەسەڵاتی خۆی لە پشت قەفقاز جێگیر بکات. یەکێک لە زیانە گەورەکانی ئێران, ئەوە بوو کە چەند وویلایەتێکی گرنگی وەک و قەفقاز و جۆرجیا خرایە سەر ڕووسیا, لەگەڵ ئەمەش دا ژمارەیەک ناوچەی کوردنشینیش کە پێشتر لە ژێر قەڵەمڕەویی ئێران بوون, بە شێوازێکی فەرمی و بە پێی پەیمانی نێوبراوو کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا [٢٩]. دیار پاش ئەو ماوەیەش, زۆر لە کوردان هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ڕووسییان داوە. ئەوەتا نزیکەی (١٠٠٠) خێزان لە کوردانی

(چەلەبیانیسک) لە نۆقەمبەری ساڵی (١٨١٦) داوایان لە دەسەڵاتدارانی ڕووسیا کردووە کە ڕێگەیان بدەن بچنە قەرەباخ. (ئا.س. گریبادۆف) باس لەوە دەکات کەوا تەنانەت پێش داگیرکردنی قەڵای ئێریڤانیش, بەشێکی زۆری کورد بە سەرکردایەتی (جەعفەر خان) چوونەتە پاڵ سوپای ڕووسیاوە و یارمەتییان داون و, نزیکەی (٢٥٠) خێزانی کورد لە تورکیادا هەڵاتنە ڕووسیا [٣٠]. دیارە ئاشتی نێوانیان بەردەوام نەبووە. بۆیە دەبینین لە تەموزی ساڵی (١٨٢٦) ئێران هێرشێکی لەناکاوی کردە سەر ڕووسیا, کە دواتر ئەم شەڕە لە مێژوودا بە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران (١٨٢٦-١٨٢٨) دەناسرێت [٣١]. جێگەی باسە عەباس میرزا لەم شەڕەدا نەیتوانی چارەکێکی ئەو کوردانەی بەهیوا بوو کۆیان بکاتەوە, بباتە ڕیزی سەربازییەوە [٣٢]. ئەڤیریانۆڤ دەڵێت: لەم شەڕەدا کورد بە ناڕەزاییەکی زۆرەوە دەچوونە پاڵ سوپای عەباس میرزا, وە زۆر لە هۆزی کورد خۆیان بەدوور دەگرت چ لەگەڵ سوپای ڕووسیا و چ لە پاڵ سوپای فارس دا, تەنها کوردی یەریڤان و بەشێک لە خانی (ماکین-ماکۆ) و ئازەربایجان نەبێت کە چالاکانە بەشداری ئەم شەڕەیان کردووە [٣٣]. دیارە ئەمەش بێ هۆ نەبووە, چونکە پاش سەرکەوتنەکانی ڕووسیا لە شەڕەکان دا, لەگەڵی دا گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە ڕووسیا هێنا و بە ئاشکرا دەستیان کرد بە دژایەتیکردنی ئێران و لە هەمان کات دا لە هەوڵی دروستکردنی پردی پەیوەندی بوون لەگەڵ ڕووسیادا [٣٤]. یەکێک لە هۆکارەکانی ساردبوونەوەی کورد لە شەڕەکان دا, دەگەڕێتەوە بۆ تێکشاندنی یەک لە دوای یەکەکانی سوپای فارس لە شەڕەکانی (١٨٠٤-١٨١٣). کە تێیدا شکۆی حکومەتی فارس و عەببباس میرزاشی هێنایە خوارەوە لە نێو گەلانی ژێر دەسەڵاتی فارس و لەنێویشیان دا کورد [٣٥]. هەرچۆنێک بێت, هۆزە کوردییەکان چالاکی زیاتریان هەبوو لە ماوەی

شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران (١٨٢٦-١٨٢٨), ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی شوێنی شانۆی شەڕەکان لەو ناوچانەی کە کوردی لێ نیشتەجێبوون [٣٦]. لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨٢٧) سوپای ڕووسیا پاش لابردنی گەمارۆ لەسەر قەڵای یەریڤان, بە یارمەتی دانیشتوانە نێوخۆییەکانی ئەرمەن, توانی دەست بەسەر ئەو قەڵایە دا بگرێت. لە کاتی ئەم شەڕەدا زۆر لە کوردی ئێران, لەو کاتە (گریبادۆف) لە ئۆردوگای جۆرسکیی عەببباس میرزا دەبێت, پێشنیاری ئالیکاری بۆ دەکەن [٣٧]. بەشێک لە کورد لە ساڵی (١٨٢٨) لە پاڵ سوپای ڕووسیا دا دژ بە سوپای فارس جەنگاوە, بۆ نموونە: بەشێک لە کوردانی دومبولی بەسەرکردایەتی کەلب عەلی خان, لە بەهاری (١٨٢٨) کاتێک سوپای ڕووسیا دەستی بەسەر شاری خۆی دا گرت, نێوبراوویان کردە حاکمی ئەو شارە [٣٨]. لە کۆتایی دا پەیمانی (تورکمانچای) لە نزیک شاری تەورێز لە نێوان ڕووسیا و ئێران و بە ئامادەبوونی بەڕێتانیا لە ڕێککەوتی (٢٢) ی شوباتی ساڵی (١٨٢٨) مۆر کرا [٣٩]. بە گوێرەی ئەم پەیمانە, ئەمارەتی یەریڤان و نەخجەوان لەگەڵ ناوچەی ئۆردیباجک بە ڕووسیاوە لکێنرا, هەزاران ئەرمەن توانیان بگەڕێنەوە نیشتیمانی ئەرمینیای ڕۆژهەڵات و لە دەستی زوڵم و ستەمی ئێران ڕزگاریان بوو. بە هەمان شێوە زۆر لە کوردانیش دەیانویست بچنە ئەو ناوچانەی کە سوپای ڕووسیا ئازادی کردبوون [٤٠]. بەشێوەیەکی گشتی ڕووسیا دەسەڵاتی لە ناوچەی قەفقازدا پتەو بوو, توانی ناوچەکانی جۆرجیا و باکووری ئازەربایجان بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە, بەم پێیەش ئازەربایجان لە نێوان ڕووسیا و ئێران بەش کرا. لە هەمان کات دا کاریگەری گەورەی بوو لەسەر بەدەستهێنانی لایەنگیری کورد, بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا هەندێک لە هۆزە کۆچەرییەکانی سەرسنوور هەڵوێستیان جیاواز بوو, ئەویش بە هۆی باری

ژیان و گوزەرانیانەوە, بۆیە نەیاندەویست خۆیان پابەندی هیچ دەسەڵاتێکی ڕووسی و ئێرانی و عوسمانی بکەن, بۆ نموونە: وەک و هۆزەکانی (جەلالی), (میلان), (حەیدەرانی), (حەسەنلو), بەردەوام پێویستیان بە هەوارگەی زستانە و هاوینە هەبوو, بۆ کۆچکردن [٤١].
هەڵبەت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕاکێشانی کورد بۆ لای ڕووسیا, سەرکەوتنەکانی بوو بەسەر ئێران دا, هەر ئەمەش بوو وای کرد کورد خۆی لە ڕووسیا نزیک بکاتەوە, دیارە پشێوی بارودۆخی ئێرانیش لەو سەردەمەدا, هۆکارێکی تر بووە [٤٢]. شیاووی باسە, پاش کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ڕووسیا و فارس (١٨٢٦-١٨٢٨), ڕاستەوەخۆ شەڕی نێوان ڕووسیا و تورکیا (١٨٢٨-١٨٢٩) دەستی پێکرد, ئۆپڕاسیۆنە جەنگییەکان لە بەرەکانی جەنگی بەڵقان و قەفقاز دا بوون. هەڵبەت لەم شەڕەدا نەتەوە چەوساوەکانی ژێر قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و لە نێویشیان دا کورد, یارمەتییەکی زۆری سوپای ڕووسیان داوە [٤٣].
پێش دەستپێکردنی شەڕ و لە ماوەی ڕەوتی ئۆپڕاسیۆنە سەربازییەکان دا, سەرکردایەتی سەربازی ڕووسی, بایەخێکی گرنگی دەدا بە ڕۆڵی کوردانی دانیشتووی نزیک سەرزەمینە ڕووسییەکانی پشت قەفقاز وەک و ئاواییەکانی ئاخالتسیخ, ئەرزەڕۆم, قارس, بایەزید و مووش. هێشتا شەڕ دەستی پێنەکردبوو, کورد ئامادەنبوون لە پاڵ سوپای تورکیادا شەڕ بکەن [٤٤]. ئەڤیریانۆڤ لەم بارەیەوە دەنووسێت: هەرچی پەیوەست بوو بە کوردانی تورکیاوە, کە بەشێوەیەکی گشتی وەڵامی بانگەوازی حکومەتی تورکیایان نەدەدایەوە. کاتێکش ساڵی (١٨٢٨) تورکیا شەڕی ڕاگەیاند, میری هەکاری بێ لایەنی خۆی لەم شەڕەدا ڕاگەیاند, لەگەڵ ئەمەش دا تەواوی میرنشینەکانی باشووری کوردستان بەشداریان نەکرد لەم شەڕەدا, بەڵام کوردانی کۆچەریی نێو چوارچێوەی پاشالیکەکانی باکووری

وان و موش و پاشالیکەکانی ئەرزەڕۆم و سەنجاقی بایەزید بە هۆی ئەوەی نزیک بوون لە شوێنی سوپای تورکیاوە, بۆیە بەناچاری لایەنی تورکیان گرت [٤٥]. میرنشینە کوردییەکانی وەک و: (بۆتان, ڕەواندز, بادینان, هەکاری), کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵات و سەروەری تورکیاوە, هەڵوێستی بێ لایەنییان وەرگرت, لەگەڵ ئەمەش دا هەندێک کورد چوونە پاڵ ڕووسیاوە, بۆ نموونە: ئێزدییەکان بە سەرکردایەتی (حەسەن ئاغا) لە پاڵ سوپای ڕووسیادا دەجەنگان [٤٦]. وەک و سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە, کورد بە هیچ شێوەیەک بەرگرییان لە بایەزید نەکرد, کاتێک لە (٢٨) ی ئابی ساڵی (١٨٢٨) شارەکە کەوتە دەستی ڕووسەکان, دوای ماوەیەک و لە هەشتی ئەیلوولی هەمان ساڵ دا, (٢٠٠) خێزانی کوردیی ئێزیدی بە سەرۆکایەتی حەسەن ئاغا, چوونە ناوچەی ڕووسەکان, دواتریش ڕووسەکان فیرقەیەکی (١٠٠) سوارەیان لێ پێکهێنان, کە چالاکانە لە ئۆپراسیۆنە جەنگییەکان دا لەگەل ڕووسەکان دا دەجەنگان [٤٧]. هەڵبەت لە سایەی بێ لایەنی (٧٠٠٠) چەکداری کورد بوو, لە (٢٧) ی حوزەیرانی ساڵی (١٨٢٩) دا هێزەکانی ڕووس توانییان بە ئاسانی دەست بەسەر ئەرزەڕۆم دا بگرن [٤٨]. بێ گوومان داگیرکردنی ئەرزەڕۆم لە لایەن هێزی ڕووسیاوە, دەسەڵاتی حکومەتی سوڵتانیی لە ئاسیای بچووک بۆ پلەیەکی مەترسیدار کەم کردەوە [٤٩]. ئامانجی ڕووسیا لە داگیرکردنی ئەرزەڕۆم ئەوەبوو کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت هێڵەکانی پەیوەندی و پێکەوەبەستنی ڕووسەکان لەگەڵ پشت قەفقاز و بەرەی ڕۆژهەڵات دا دەستەبەر بکات, بۆ ئەوەی سوارەی عوسمانی لاواز بکات. دواتر داگیرکردنی مەلازگرد و خنیس و موشیشی بەدوادا هات [٥٠]. لە کاتی ڕەوتی ئەم شەڕەدا, سەرکردایەتی سەربازیی ڕووسیا, لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی دەستییان بەسەردا گرتبوون, چوار فەوجی سەربازیی لێ

دروستکردن, بەشێوەیەک کە فەوجی چوار, (٤٠٠-٥٠٠) سوارەی کوری تێدابوو. بە هەمان شێوە ئێزیدییەکانیش بە سەرکردایەتی حەسەن ئاغا و کوردانی عەشیرەتی جەلالی و دانیشتوانی ئەمارەتی (ماکینسکیانی) یان تێدابوو, پاش داگیرکردنی قارس و ئەرزەڕۆم لە لایەن ڕووسەوە, هێزەکانی ڕووسیا بەرەو دیاربەکر و سیواس هەڵکشان [٥١]. لە کۆتایی دا, پەیمانی (ئەدریاناپۆل) ی بەدوادا هات, کە لە ڕێککەوتی (٢) ئەیلوولی ساڵی (١٨٢٩) لە نێوان ڕووسیا و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی مۆر کرا. بەم پێیە کەنارەکانی دەریای ڕەش لە ڕێژگەی کۆبانەوە هەتاوەک و شاری (ئاخالکالاک) و (ئاخالتسیخ) کە بەو ناوچانەوە لکاوە کە کوردی لێ دەژی, بە ڕووسیاوە لکێنران. بەمەش دەسەڵاتی ڕووسیا لە دەریای ڕەش و پشت قەفقاز پەرەی سەند [٥٢]. لە میانەی شەڕی ڕووسیا لەگەڵ ئێران و ڕووسیا لەگەڵ تورکیادا, لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا, کورد هیچ بایەخێکی تایبەتی نەبوو بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیگەلێکی نامۆ بۆ دام و دەزگاکانی کاربەدەستانی تورکیا و ئێران. بەڵکو بەهێزی خۆیان بەرگرییەکی جیددییان لە زەوی و خاکی باوباپیرانی خۆیان کردووە [٥٣]. چالاکییەکانی کورد لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران (١٨٢٦-١٨٢٨) و شەڕی نێوان ڕووسیا و تورکیا (١٨٢٨-١٨٢٩) دا و بەشداریان لە ڕووداوەکانی شەڕەکان دا و وەستانیان لە پاڵ ڕووسیادا, بە ڕوونی دەردەکەوێت کەوا کورد زۆر نیگەران بوون لە هەردوو دەسەڵاتی ناوەندی تورکیا و ئێران و بەدوای دەرچەیەک دا دەگەڕان کە دەربازیان بێت بۆ ئەوەی یارمەتی و پاڵپشتیان بکات [٥٤]. پەیوەندی و هاوکارییەکانی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕووسیادا, پەرچەکردای توندی لای تورک دروست کرد, بۆیە ڕاوەدونانی کورد لە دوای شەڕ, زیاتر بوو [٥٥]. بێ گوومان بەشداری کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا و ئێران و ڕووسیا و

تورکیا له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا و, داگیرکردنی بەشێک له خاکی کوردان له لایەن ڕووسیاوە, وای کرد پەیوەندی نێوان ڕووسیا و کورد زیاتر پەرەبسێنێت, کە دواتر ئەم پەیوەندییە ڕامیاریانە دەبێت بە پاڵنەری سەرەکی بایەخدانی ڕووسەکان بە کورد و دواتریش له دایکبوونی کوردناسیی بەدوای دا دێت.

تەوەرەی سێیەم: کورد و کوردستان لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا

هەوڵ دەدەین, لەم تەوەرەیەدا گرنگترین ئەو گەشتنامە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ووتار و بڵاوکراوە و لێکۆڵینەوانە بخەینەڕوو, کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا لە بارەی کورد و کوردستان بە زمانی ڕووسی بڵاوکراونەتەوە. کتێبخانەی ڕووسی, دەوڵەمەندە بە چەندین توێژینەوە و ووتار و لێکۆڵینەوە, چ ئەوەی بە زمانی ڕووسی نووسراوە, چ ئەوەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕدراوون بۆ زمانی ڕووسی. ژمارەیەک لە ڕووس و توێژەرانی تریش, هەستاوون لێکۆڵینەوەیان لە پرسی کورد و مێژووی کورد کردووە و, ڕۆڵی کوردیان لە مێژوو و شارستانییەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا خستۆتە ڕوو [٥٦]. لە سەدەی نۆزدەهەم دا, زانا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و دیبلۆماس و ئەفسەر و کەسایەتی ئایینی ڕووسیی, بە بەردەوامی سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییان کردووە. چەندین پەرتووک و یادداشت و لیکۆڵینەوەی زانستییان لەو بارەیەوە چاپ و بڵاو کردۆتەوە. جێگەی باسە, ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس و ڕۆژئاوا, توێژینەوەکانیان لە بارەی کوردستانەوە, زیاتر لە ڕووی ئەتنۆگرافیا و زمان و شوێنەوار بووە [٥٧]. ئەو کارانەی لەو بارەیەوە نووسراوون, بە تێپەڕبوونی کات, بوون بە سەرچاوەی گرنگ بۆ توێژینەوەی مێژوو و کولتووری نەتەوەیی کورد. لەگەڵ ئەوەش دا, هەندێک لەم نووسراوانە, سەرەنج و

تێبینی کەسییە, کە هەندێک جار سەرپێییانە لە لایەن خەڵکانێکی ناپسپۆڕەوە نووسراوە, کە ماوەیەکی کەم لە کوردستان بوونە, بەڵام بەشی زۆریان, زانیاری گرنگی تێدایە, کە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوانەی توێژینەوە لە مێژووی کورد دەکەن [٥٨]. ئەم نووسراوانە, دابەش دەبنە سەر چەندین بابەتی جیاوازی وەک و مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و زمانی کوردی و, دەقی وێژەی زارەکی کوردی و زانیاری لە بارەی داب و نەریت و ئایین و بیروباوەڕە باوەکانی کورد. لەگەڵ ئەمەش دا, زانیاری و هەواڵ و شیکردنەوەی تێدایە لە بارەی سیاسەتی حکومەتی ئێران و عوسمانی بەرانبەر عەشیرەتە کورددییەکان [٥٩]. جێگەی باسە, ناسینی کورد و زمانەکەی لە ڕووسیادا, دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم, ئەو کاتەی (کاترینای دووەم)-(١٧٢٩-١٧٩٦), لە ڕێگەی ئەکادیمی (پ.س. پاڵاس) ەوە لە ساڵی (١٧٨٧), (فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان) بڵاوکرایەوە. ئەمە بۆ یەکەم جارە کەوا نزیکەی (٢٧٦) ووشەی کوردیش لەو فەرهەنگەدا تۆمار دەکرێت [٦٠]. ئەم فەرهەنگە لە دوو بەرگ پێک دێت, لە شاری سانت پێتێرسبۆرگ بڵاوکراوەتەوە. بەرگی یەکەمی نزیکەی (٤١١) لاپەڕە و, بەرگی دووەمی لە دەوروبەری (٤٦٩) لاپەڕە دەبێت. نووسەر و ئامادەکاری فەرهەنگەکە, ووشە و هاوتاکانی بە (٢٠٠) زمانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتیی تۆمار کردووە, خۆشبەختانە زمانی کوردیش یەکێک بووە لەو زمانە ڕۆژهەڵاتییانە [٦١]. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا, جگە لە بڵاوکردنەوەی ووتار و ووتەی گەڕۆکەکان لە بارەی زمانی کوردی و ئەتنۆگرافیا و مێژووی کورد, شتێکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە بڵاونەکراوەتەوە. چونکە هەتاوەک و ئەو کاتە هێشتا توێژینەوەی تایبەت بە کورد بڵاونەکرابوویەوە. جێگەی باسە, باسی کورد لە ڕۆژنامەگەری ڕووسی دا,

بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ گەرمەی شەڕی نێوان ڕووسیا و وواڵاتی فارس لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا, ئەویش لە (گەشتێک بۆ وواڵاتی فارس و ئاسیای بچووک لە ساڵی ١٧٩٦) دا بووە, کە لەلایەن نووسەری گەشتەکەوە (ئۆلیڤییر)ەوە تۆمار کراوە. کە دواتر لە ساڵی (١٨٠٩) لە لاپەڕەکانی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گەشتە هاوچەرخەکان) ەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەم گۆڤارە لە شاری سانت پێتێربورگ مانگانە لە لایەن (ن.ی. گرێچ) ی بڵاوکاری بەناوبانگی ڕووسەوە دەردەچوو [٦٢]. هەر لە پاش ڕێککەوتنی (گوڵستان) لە ساڵی (١٨١٣) لە نێوان ڕووسیا و ئێران, کوردانی خانی قەرەباغ چوونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا, ئیدی کولتووری دەوڵەمەند و دێرینی نەتەوەیی کورد, بووە جێگەی بایەخی توێژەرە ڕووسەکان. هەڵبەت پەلهاوێشتنی ڕووسیا بۆ پشت قەفقاز و کوردستانی ئێران, ئەوەی سەپاند کەوا توێژەینەوەی تێروتەسەل لە بارەی ژیانی ڕۆژانە و بونیاد و پێکهاتەی کومەڵایەتی کوردانی ئەو ناوچانە بکرێت. ئیدی بەرەبەرە پەیوەندی و متمانە و هاوڕییەتی لە نێوانیان دا دروست بوو [٦٣]. شیاووی باسە, ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی پرۆفیسۆر (پێر ئامێدی ژۆبێر), کە لەسەر داوای ناپلیۆن نێدرابوو بۆ کاری دیبلۆماسی لە وواڵاتی فارس و ئاسیای بچووک (١٨٠٥-١٨٠٦). چەند سەرەنجێکی بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی (کوردستان), ئەویش لە ژمارە (١٤) ساڵی (١٨٢٦) لە گۆڤاری (ئەرشیفی باکوور) دا بڵاوکردەوە, کە لە پێتێربورگ دەردەچوو. نێوبراوو لە ڕۆژانی گەشتەکەی دا, وەسف و باسی میوانداری کوردان دەکات, کە چۆن ڕێز لە بێگانە دەگرن و دەچن بە پیرییەوە و هاوکاری و یارمەتی دەدەن و, خواردنی بۆ ئامادە دەکەن چ بۆ خۆی و چ بۆ ئەسپەکەشی, تەنانەت کوردان خواردنی ڕێگەشیان بۆ ئامادە کردووە. هەروەها ساڵی (١٨٢٨) گۆڤارێکی تر گەشتە بەر دیدی خوێنەران بە ناوی

(پەیامبەری ئەوروپا), ئەوەی گرنگە, لە ژمارە (٨) ی هەمان ساڵ دا, چەند زانیارییەک لە بارەی کورد لە تورکیا و وواڵاتی فارس بڵاو کرایەوە. شیاووی باسە, ئەم گۆڤارە لە لایەن (ن.م. کەرامزین) ەوە چاپ و بڵاوەکرایەوە لە شاری مۆسکۆ, کە لە ساڵانی (١٨٠٢)-(١٨٠٤) سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە و چالاکانە بابەتی تێدا بڵاو دەکردەوە [٦٤].
شاعیری گەورە و ناسراوی ڕووس (ئە.س. پوشکین)-(١٧٩٩-١٨٣٧), لە بەرایی ئەو کەسانە دێت کەوا لە بارەی کوردەوە نووسیوویانە. ئەمەش لە گەشتەکەی دا بۆ ئەرزەڕۆم لە ساڵی (١٨٢٩) بە دیار دەکەوێت, کەوا لە بارەی ئایینزای ئێزیدییەکانەوەی سەرەنجی خۆیی نووسیووە [٦٥]. پوشکین لەو گەشتەی دا چاووی بە پیاوێکی کوردی ئێزیدی دەکەوێت, دەڵێت: ... سەرەنجم دایە ئێزدییەکان, ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات دا بە شەیتانپەرست ناوبانگیان دەرکردووە. نزیکەی (٣٠٠) بنەماڵەیان لە بناری ئارارات ژیان دەگوزەرێنن. ئەمانە دانیان بە دەسەڵاتی قەیسەری ڕووسی ناوە. سەرۆکی ئێزیدییەکان پیاوێکی باڵابەرزی ناشیرین, پاڵتۆیەکی تەنکی سووری لەسەر کردبوو, کڵاوێکی ڕەشی زستانەشی لەسەر نابوو. جارناجارێ بە ڕێزگرتن و خۆچەماندنەوەوە دەهاتە لای جەنەڕاڵ (ڕاییڤسکی) سەرۆکی هەموو تیپەکانی لەشکری سواره. پوشکین بەردەوام دەبێت و دەڵێت: هەوڵم دا لە ئێزیدییەکە خۆی, ڕاستی ئایین و بیروباوەڕیان بزانم. لە وەڵامی پرسیارەکەم دا, ئەوەی گووت: کە ئەو پڕوپاگەندەیەی لە ناوەوەیە وەک و بڵێی ئێزیدییەکان شەیتان دەپەرستن, ئەمە ئەفسانەیەکی بەتاڵ و بێ بنەمایە. ڕاستی ئەوەیە, ئەوان خوای تاک و تەنیا دەپەرستن, هەروەها لە دەستووری ئەوان دا, ڕاستە نەعلەتکردنی شەیتان, بەبێ ڕەوشتی و کارێکی نزم دادەنێن, چونکە ئێستا کە لە بەدبەختی دایە, بەڵام لە دوا ڕۆژدا لەوانەیە ببەخشرێت و گوناهی بسرێتەوە, نابێت سنوور بۆ میهرەبانی

خودا دابنرێت. پوشکین دەڵێت: ئەم ڕوونکردنەوەیە بووە هۆی هێمنی دڵ و ئارامی گیانم. زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی کە ئێزیدییەکان شەیتان ناپەرەستن. وە هەروەها باس لەوە دەکات ڕێگەونکردنی ئەوان ئێستا دەهاتە بەرچاووم, کە مایەی لێخۆشبوون و لێبوردنە [٦٦]. دیارە لە گەشتەکەی (ن.ن. ئۆشاکوف) یش, باسی پێنج پاشالیکی وەک و (ئاخالتسیخ, قارس, بایەزید, ئەرزەڕۆم, مووش) ی کردووە. بە تێروتەسەلی شوێنی جوگرافی و کارگێڕی حکومەت و دانیشتووان و تایبەتمەندییەکانی کەش و هەوا و بارودۆخی کشتوکاڵ و سامانە شاراوە و بەسوودە سروشتییەکانی و ڕێگاوبان و گەیاندنی ئەو پاشالیکانە دەکات. لەو کارەی نێوبراوودا, بەشێکی تایبەت کردووە بۆ کورد, کە تێیدا باسی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان دەکات لە کیشوەری ئاسیادا, کە لە ئاراراتەوە درێژ دەبێتەوە هەتاوەک و کەنداوی فارس, یاخود دروستتر هەتاوەک و خۆزستان. دەڵێت: ئەم وواڵاتە بە ناوی کوردستانەوە دەناسرێت, بەاڵم پێکهاتەیەکی تایبەت بە خۆیی نییە, لەبەر ئەوەی بەشی گەورەی کوردستان, لە ئێران و تورکیادایە. وێڕای ئەمەش, باسی هەندێک خەسڵەتی کەسێتیی کورد دەکات وەک و بەهێز و میانڕەو و ئازا و زیرەک, دواتر دێتە سەر باسی ژیانیان, کە بەشێک لە کوردان بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵن یاخود بە بەخێوکردنی مەڕومااڵت. بارودۆخی ڕامیاریی کوردی چواندووە بە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست [٦٧]. ساڵی (١٨٢٨) لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێران دا, ئەو دەمەی جەنەڕاڵ (سوختێلێن) دەستی بەسەر شاری ئەردەبیل دا گرت, لە نێو ئەو شتانەی دەستی بەسەرداگرتبوو, کتێبخانە بەناوبانگەکەی سەفەوییەکان بوو. نێوبراوو ئەم کتێبخانەی گواستەوە بۆ شاری پێترۆگراد وەک و دەستکەوتی شەڕ. جێگەی سەرەنجە, لە نێو ئەو هەموو کتێبانەدا, کتێبی

(شەرەفنامە) ی تێدابوو, کە (شەرەفخانی بەدلیسی)-(١٥٤٣-١٦٠٤), بە دەستی خۆی ساڵی (١٥٩٩), پێداچوونەوە و ئیمزای نووسیبوو [٦٨]. بێ گوومان دۆزینەوەی دەستنووسی کتێبی (شەرەفنامە), دەگەڕێتەوە بۆ باشەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان, کە بە کۆنترین و گرنگترین سەرچاوەی مێژوویی دادەنرێت لە بارەی میرنشین و بنەماڵە فەرمانڕەوا کوردییەکانی سەدەی ناوەڕاست, نووسەرەکەی لە سەدەی شازدەهەم دا بە زمانی فارسی نووسیوویەتی [٦٩]. هەڵبەت ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤییەت بە گشتی و کوردناسیی سۆڤییەت بە تایبەتی, بایەخێکی دیار و باشیان داوە چ بە کتێبەکە و چ بە نووسەری کتێبەکە, وە زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی سۆڤییەت, بۆ شیکردنەوەی مێژووی کوردو, لێکدانەوەی مەڵبەندی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, ئەم کتێبەیان بەکار هێناوە و سوودیان لێوەرگرتووە [٧٠]. شیاووی باسە, بۆ یەکەم جار لە لایەن (م.ڤۆڵکۆڤ) بەرپرسی مۆزەخانەی ئاسیاوە, باسێکی تێروتەسەل بڵاو کرایەوە. دواتر (خ. د. فرێن) گرنگی و پێویستی بڵاوکردنەوەی و وەرگێڕانی لە ووتارێک دا خستۆتە ڕوو [٧١]. ساڵی (١٨٢٦) بیر لەوە کرایەوە کەوا ئەم کتێبە وەربگێڕدرێت, چونکە سەرەنجی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. م. ڤۆڵکۆڤ لەو ووتارەی دا, هەندێک زانیاری لە بارەی کتێبەکە و نووسەرەکەی لە گۆڤاری (ئاسیا) دا لە ژمارە (٨) بڵاو کردەوە. شیاووی باسە, (ڤ.فیلیامینۆڤ-زەرنۆڤ) باس لەوە دەکات کەوا لە پاش ساڵی (١٨٢٦) ەوە, شەرەفنامە لە ئەوروپادا بەهای زانستیی خۆی درایێ [٧٢]. لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا, هەندێک زانیاری لە بارەی کوردەوە لە یەکەم ڕۆژنامەی ڕووسی لە قەفقازدا بڵاو کرایەوە. ئەویش لە ڕۆژنامەی (هەواڵەکانی تەفلیس) بوو, ئەمەش دوای ئەوە هات کەوا زەوییەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی زیاتر بەرفراوانتر بوو. ئەم

ڕۆژنامەیە لە ساڵی (١٨٢٨-١٨٣٢) بەردەوام بووە. هەواڵەکانی تەفلیس لە ساڵانی (١٨٣٠-١٨٣١) لە چەند ژمارەیەکی جیاوازدا, چەندین زانیاری لە بارەی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە, بۆ نموونە: باسی پاشالیکی ئەرزەڕۆم و پاشالیکی ئاخالتسیخ هاتووە لەگەڵ هەندێک زانیاری لە بارەی کورد و ئەو کارانەی ڕۆژانە پێی هەڵساوون, وە هەروەها لە بارەی گوندی (ئارگادچی) شوێنی ئێزیدییەکانیش زانیاری خراوەتە ڕوو. ئەمە وێڕای هەندێک زانیاری لە بارەی ژیان و گوزەرانی کورد و داب و نەریتیان باس کراوە, لەگەڵ چەند زانیارییەک لە بارەی ئاماژەوە لە ناوچەی یەریڤان. بە هەمان شێوە لە بارەی نەخجەوان و چەند زانیارییەکی ئەتنۆگرافی لە بارەی کوردەوە لە (چەند نامەیەک لە تەفلیسەوە بۆ سانت پێتێرسبورگ) بڵاو کراوەتەوە. جێگەی ئاماژەیە, ساڵی (١٨٣٤) بڵاوکار و فرۆشیاری کتێب (ئا.ف. سمیردین), بڵاوکردنەوەی دەرکردنی گۆڤارێکی نوێی بڵاوکردەوە بە ناوی (کتێبخانە بۆ خوێندنەوە). ئەم گۆڤارە وەک و ئینسکلوپێدیایەکی گشتی وابوو, هەر لە ساڵی یەکەمییەوە هەتاوەک و داخستنی گۆڤارەکە لە ساڵی (١٨٦٥), لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا چەندین ووتاری تایبەت بە ئیتنۆگرافیای کورد بڵاو کراوەتەوە. بۆ نموونە: (گ. کڵاپرۆت) لە ووتارێکی دا بە ناونیشانی (وەسفی ئەرمینیای ڕووسیا) دا, کە ساڵی (١٨٣٤) لە بەرگی (٤) ی بەشی (٣) دا بڵاو بۆتەوە, وەسفی هەردوو ناوچەی یەریڤان و نەخجەوانی کردووە, وە هەروەها چەند زانیارییەکی لە بارەی دابەشبوونی بەشە زەویی بە پێی عەشیرەت و نەتەوەکان, کە کوردی تێدا بووە, خراوەتە ڕوو [٧٣]. هەرچی پەیوەستە بە بڵاوکراوەکانی وەزارەتەکانەوە, گۆڤاری (وەزارەتی ناوەخۆ) هەبووە, کە مانگانە دەردەچوو, لە ساڵی (١٨٢٩-١٨٦١) بەردەوام بووە. ساڵی (١٨٣٤) چەند زانیارییەک لە بارەی کورد و ژیان و گوزەرانیان و کارکردنیان بڵاو کراوەتەوە, بۆ

نموونه: (وەسف ئاماری نەخجەوان), کە لە لایەن (ق.گ) دانراوە و مۆڵەتی لە لایەنە باڵاکان وەرگرتووە, ساڵی (١٨٣٤) لە بەرگی (٢) دا بڵاوکراوەتەوە. وە هەروەها لە وەسفی ژیان و داب و نەریت و خووڕەوشتەوە لە ژێر ناونیشانی (کورد), ساڵی (١٨٣٥) لە بەرگی (١٥) بڵاو بۆتەوە [٧٤]. جێگەی ئاماژەبۆکردنە, سەرکردایەتی گشتی سوپای ڕووس لە ناوچەی قەفقاز دا, بە بایەخەوە تۆژینەوەیان لە بارەی ناوچە کوردییەکانەوە دەکرد, کە دەرئەنجامی باشیان لەم بوارەدا بەدەست هێنا. وەک و ڕاکێشانی ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردییەکان و دانانی چەند نەخشەیەکی تێروتەسەل و وورد بۆ گرنگترین ئەو ناوچە ستراتیجییانەی کە بە لایانەوە گرنگ بوو, هەروەها هەندێک ئەفسەری بەتوانا, توانییان چەند تۆژینەوەیەکی تێروتەسەل لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری نەتەوەی کورد بنووسن. جێگەی باسە, ئەفسەر (س. بروسکوریاکۆڤ) یەکێک بووە لەوانە, کە هەر لە ساڵی (١٨٤٢) ەوە چەند ساڵێک لە ناوچەکانی سنووری نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی بەسەر بردووە, نێوبراوو چەند نەخشەیەکی گرنگی ناوچەی ئەرزەڕۆم و دریژبوونەوەی ناوچەکەی کێشاوە [٧٥]. بروسکوریاکۆڤ وەسفێکی جوانی ئەرزەڕۆم و دەوروبەری کردووە, تێیدا باسی کارگەی چنین و خوری و بۆیەکردن و نەقشکردن و گڵینەسازی کردووە, وە هەروەها باسی گرنگیی و گەورەیی بازرگانی ئەرزەڕۆمی کردووە, کە دەکرێت وەک و ناوەندی بازرگانی ئاسیای بچووک هەژماربکرێت, چونکە شوێنی جوگرافیی کوردستان دەکەوێتە سەر ڕێگای ڕاستەوەخۆوە, کە تەبرێز و تەڕابزۆن و قوستەنتینیە بەیەکەوە دەبەستێت, ئەمەش وای کردووە کە ئەرزەڕۆم وێستگەی گلدانەوەی شت و مەکی نێوان ئەم شارانە بێت [٧٦]. هەر لەم سەروبەندەدا, دەکرێت ئاماژە بە هەوڵ و کۆششی

چەند زانایەکی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووس بدەین, کە تۆێژینەوەیان لە بارەی ژیانی کوردیی ڕووسیا و تورکیا و ئێران کردووە, بۆ نموونە: (ڤ.دیتیل) و (خ. ئەبوڤیان) و (ی. بێرزێن). ئەمانە لە لیکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیان دا, ڕەسەنایەتی نەتەوەیی گەلی کورد و شوێنیان لە مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک دا خستۆتە ڕوو, وە هەر لەو ساڵانەدا بوو ئیدی کوردناسیی لە ڕووسیادا دامەزرا [٧٧]. ئەنجامی گەشتەکانی هەردوو تۆێژەری ڕووس (ڤ. دیتیل) و (ی. بێرزێن) لە نێوان ساڵانی (١٨٤٢-١٨٤٥) لە وواڵاتی ڕۆژهەڵات دا, بایەخێکی زۆریان بە تۆێژینەوەی کولتووری کورد داوە, بە بۆچوونی دیتیل, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاوسێیەتی ڕووس و کورد, لەم بارەیەوە دەڵێت: ئێمەی ڕووس, نزیکی کوردین لە هەردوو لای قەفقاز و دەریای ڕەشیش [٧٨]. ساڵی (١٨٤٢) هەر یەک لە (ڤ.دیتیل)-(١٨١٦-١٨٤٨), و (ی. بێرزێن)-(١٨١٨-١٨٩٦), بە گەشتێکی زانستی چوونە خۆرهەڵات بۆ فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان. شیاووی باسە, ئەم گەشتە نزیکەی سێ ساڵی خایاند, لە نێوان ساڵانی (١٨٤٢-١٨٤٥), دیتیل یەکێک بووە لە ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆشنبیرەکان, کە بایەخی بە لایەنە جیاجیاکانی تۆێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان داوە. هەرچی پەیوەستە بە کوردەوە, دیتیل لە ناوچەی موسڵ سەردانی مەزاری ئێزیدییەکان (شێخ عادی) کردووە, هەڵبەت ئەم گەشتە لە هەوڵە سەرەتاییەکانی ئەوروپییەکان بووە بۆ ناوچەیەکی وەها دوور. نێوبراوو گەشتی بە کوردستان دا کردووە, بە ناوی (زەوی نادیار) [٧٩]. گەشتەکەی بە کوردستانیش دا نزیکەی سێ ساڵی خایاندووە, لە میانەی دا کۆمەڵێک کەرەستەی فۆلکلۆری و ئەتنۆگرافی کۆکردۆتەوە, کە دواتر لە ووتارێک دا بە ناونیشانی (سێ ساڵ گەڕان بە ڕۆژهەڵات) دا, ساڵی (١٨٤٧) دا لە سانت پێتێرسبورگ بڵاوی کردۆتەوە, نووسەر لە

بارەی ئەو کەرەستانەوە دواوە کە دەستی کەوتووە. لەم ووتارەدا سەبارەت بە کوردستان و زمانی کوردی و شێوەزارەکانی, مەسەلەی جوگرافی و ئەتنۆگرافی سەرنجییانی ڕاکێشاوە. دەڵێت: ڕێگاکەم بە ماردین و دیاربەکر و نەسیبەین و ئۆرفەدا تێپەڕیم, باس لەوە دەکات ئەم ناوچانە کە پێیاندا تێپەڕیوون بەشێکی کوردستانە, کە زۆر کەم ناسراوون, لەبەر ئەوەی هەتاوەک و ئێستا هیچ کەرەستەیەکی ئەتنۆگرافی وەهامان نییە دەربارەی خێڵەکانی ئەم هەرێمەی ئاسیا. بە گوێرەی ئەو کەرەستەیەی لای بووە, نزیکەی (٣٠٠) خێڵی کوردی لەوێ هەبوونە. دواتر دێتە سەر باسی زمانی کوردی لەم بارەیەوە دەڵێت: بۆم دەرکەوت زمانی کوردی بەسەر زۆر دیالێکت دا دابەش دەبێت, بەڵام هێشتا کەس هیچی لەو بارەیەوە نەنووسیووە. پاشان باسی کاریگەری زمانی تورکی و فارسی دەکات بەسەر زمانی کوردییەوە. لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە دەنووسێت: بە هیچ جۆرێک چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئەم میللەتە لەبیرکراوە, جگە لە ئەدەبی فۆلکلۆری, خاوەنی ئەدەبێکی نووسراوی وەها زۆر جوان بێت [٨٠]. دیتیل لە کوردستان دا, بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخی بە توێژینەوەی لایەنی زمانەوانی و ئەتنۆگرافیا داوە. لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی جوانی پێشکەش کردووە لە بارەی کوردەوە, هەرچەندە خۆی بەدوور نەگرتووە لەو خەسڵەتە ووشکەی ئەو کاتە, کە کوردیان پێ ڕێگر بووە. نێوبراوو چەند زانیارییەک لە بارەی ئەو هۆزە کوردییانە دەخاتە ڕوو, وەک و ژیان و گوزەران و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە وەزری زستان و هاوین و شوێنی لەوەڕاندنی مەڕومالاتیان لە گەرمیان و کوێستانەکان دا. لە بارەی حوکمڕانییەوە دەڵێت: لە سەرووی هەموو هۆزێک, زۆر جار (خان) یێک هەیە, کە بەشێوەی سەربەخۆیی تەواو مامەڵە دەکات, ئەوەی بیەوێت, دەیکات, وەک و سەپاندنی باج. لەگەڵ ئەمەش دا, باس لەوە دەکات کە

مەرج نییە هەموو هۆزێک خانێکیان هەبێت, چونکە دانیشتووانی شارنشین, لە لایەن سەرکردە خۆماڵییەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێن. وە هەروەها باس لە بەپیتی زەوی و بە بەروبووم و بەرداریان دەکات. هەر لە بارەی ئەو هۆزانەوە, دەڵێت: بە چەند شێوەزارێکی جیاواز قسە دەکەن, باس لە دەوڵەمەندی کوردان دەکات لە ڕووی مەڕومااڵتەوە, کە سەرچاوەی حەز وخۆشی و, لە هەمان کاتیش دا سەرچاوەی سەرەکی ژیان و گوزەرانیانە [٨١]. یەکێکی تر لەو ڕۆژهەاڵتناسانەی بایەخی بە کورد داوە, (بێرزێن. ی)-(١٨١٨-١٨٩٦) ە, نێوبراوو یەکێکە لەو ڕۆژهەاڵتناسە ناسراوانەی کە پسپۆڕی لە لێکۆڵینەوە تورکییەکان دا هەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا. وەک و پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوونووس و گەڕۆکی ڕووسیای پێش شۆڕشی ساڵی (١٩١٧) بە باشی ناسراوە [٨٢]. لە ئەیلوولی ساڵی (١٨٤٣) بێرزێن لە ڕێگەی کەرکووک و هەولێرەوە, ڕوو دەکاتە موسڵ. لە موسڵیش بۆ ماوەی یەک مانگ گەشتێکی کردووە بۆ شوێنی پیرۆزی ئێزیدییەکان. باس ئەوەمان بۆ دەکات, کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی لە عەرەبی شارنشینین, هەرچی عوسمانییەکانە, لە کاری فەرمانبەری و تاڕادەیەک سەربازی دا چڕکراونەتەوە. ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە, دەڵێت: کوردیش بەشێکی گەورە لە دانیشتووانی ئەو شارە پێک دەهێنن, کە تێیدا زمانی عەرەبی باو بووە, هەموو دانیشتووانی موسڵ قسەیان پێکردووە, بەاڵم لەگەڵ ئەمەش دا, ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی ئەو شارە بە کوردی قسە دەکەن. دواتر لە ڕێگەی موسڵەوە ڕووی کردۆتە دیاربەکر, هەڵبەت لە ڕێگەی هەردوو شاری نەسیبین و ماردینەوە. نێوبراوو توانی لەوێ لە ڕێگەی دانیشتوانییەوە, لە نزیکەوە کوردیی ناوچەکە بناسێت و لە ڕووی ژیانی کۆمەاڵیەتی و گوزەرانی ڕۆژانەیان ئاشنا بێت [٨٣]. شیاووی باسە,

هەر لە کاتی گەڕانی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا, نێوبراوو فێری شێوەی کوردیی خوێڕاسان و موسڵ بووە. شێوە خوێڕاسان لە تاران فێری ببوو, ئەویش لە ڕێگەی چەند کوردێکەوە, کە لە خوێڕاسانەوە هاتبوونە تاران, هەرچی شێوەی موسڵە, هەر لەو شارە فێری بووە. لە ئەنجامی دا کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەک لە دیالێکتەکانی فارس). ئەوەی نووسیوویەتی لەو بارەیەوە, زۆر کەم و کورتە, تێیدا بە کورتی لە ناو و جێ ناو و کردار دواوە, دواتر لە پاشکۆی کتێبەکەدا, هەندی ووشە و ڕستەی ئەو دوو شێوەیەی کوردیی نووسیووەتەوە [٨٤].
یەکێکی تر لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لە بارەی کوردەوە نووسیوویانە, (خاچاتور ئابوڤیان)-(١٨٠٥-١٨٤٨) ە, نێوبراوو لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا, بە نێو کوردانی ئەرمینیا گەڕاوە و, لە بیروباوەڕ و داب و نەریتی کوردیی کۆڵیوەتەوە, کە دواتر کتێبێکی نووسیووە بە ناونیشانی (کورد و ئێزیدی) [٨٥]. جێگەی باسە, ئەبوڤیان زنجیرە ووتارێکی بە ناونیشانی (کورد) لە ڕۆژنامەی (قەفقاز), ساڵی (١٨٤٧) , کە لە تەبلیس دەردەچوو بڵاوکردەوە. لەو ووتارانەدا گەلێک بابەتی بەکەڵک و نوێی لە بارەی ئەتنۆگرافیا و مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و نەریت و فۆلکلۆر و زمانی میللەتی کوردەوە تێدایە. ئەم ووتارە نزیکەی (٣٠) لاپەڕە دەبێت, بە کارێکی زانستی و وورد هەژمار دەکرێت, کە بۆ یەکەم جار بووە لە مێژووی کوردناسیی ڕووسیی دا, دەربارەی ئەتنۆگرافیای کورد بەو شێوازە فراوانە بخرێتەڕوو, کە تێیدا نووسەر کەرەستەی نووسراو و دەستنووس و ئەوەی لە گەڕانی خۆی بۆ کوردستان دەستی کەوتووە, بەکاری هێناوە. هەر ئەمەش وایکردووە کەوا کارە زمانەوانییەکانی, کاریگەری بکاتە سە ربیروڕای زانایانی ڕووس وەک و (پ. لێرخ), (ف. یوستی), (س. یەگیزاروڤ) لە سەلماندنی ئەوەی کە

زمانی کوردی, زمانێکی ئێرانییە و لە خێزانی هیندو ئەوروپییە. نێوبراوو, زمانی کوردی بەسەر کرمانجی و زازا دابەش کردووە, هەر لەو کاتەوە داوای لە زانایانی دونیا کردووە, کە دەست بکەن بە لێکۆڵینەوە لە زمانی شیرینی کوردیی و لە نەتەوەی کوردی شۆڕە سوار. دەڵێت: لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت سوودێکی زۆر بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی مرۆڤایەتی و, گەلێک پرسی زمانەوانی بەدەستبهێنرێت. نووسەر لە ووتارەکەی دا, گرنگییەکی زۆری بە فۆلکلۆری کوردی داوە, بەم بۆنەیەوە دەنووسیت: شیعری خەڵکی هەنگاوی گەورەی ناوە و گەیشتۆتە پلەی پوختی و نایابی, لە هەر کوردێک دا هەست و بەهرەی شاعیریی بەدی دەکرێت, زۆر بە ساز و ئاوازەوە گۆرانی بەسەر دۆڵ و تاڤگە و چیا و ڕووبار و گوڵ و چیا و ئەسپ و قارەمانییەتی و جوانی دا دەڵێن [٨٦]. وە هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی تریشی بە ناونیشانی (ئیزیدی) بڵاوکردۆتەوە. نێوبراوو دوو هەفتەی تەواو لە نێو شوێنی هۆزە کوردییەکان دا بەسەر بردووە, بۆ ئەوەی ئاگادار و شارەزای کۆمەڵگای کوردی بیت و, لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکات. لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات, کە چۆن چووتە شوێنی ئێزیدییەکان, وێڕای خراپی کەش و هەوا و سەرمایەکی ووشک و هاتنی جەژنی سەری ساڵی مەسیحییەکان, نێوبراوو گەشتەکەی لەسەر گیرفانی خۆی بووە. لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەی لەوێ بووە, زانیاری باشی کۆکردۆتەوە لە بارەی بیروباوەڕیان و, ئەوەشی تایبەت بووە بە کەلەپووری کوردی و وێژە و سوارچاکی و داستانی شیعریشەوە. پاشان باس لەوە دەکات, کە چۆن کاتی بۆ ڕەخساوە, ئەم کەرەستانە ڕێک بخات, دواتر کتێبەکەی بە زمانی ئەڵمانی نووسیووە, کە ڕەخنە و پەسنی زۆری بەدوای خۆی دا هێناوە. دیارە گەڕان و گەشتەکەی ئەبوقیان, یەکەم و دوا گەڕان نەبووە بەنێو کوردان دا. بەڵکو

نێوبراوو پێشتر کوردی ناسیووە و, تەنانەت زمانی کوردیش فێربووە و زۆر بە باشی قسەی پێکردووە. لەم بارەیەوە (ک.ک. کوردۆیف)-(۱۹۰۹-۱۹۸۵) دەڵێت: ئەبوقیان زمانی کوردی زانیووە, ویڕای خۆخەریکردنی بە لێکۆڵینەوەی ڕێزمان و فەرهەنگ و موفرەداتەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا, چەندین گۆرانی کوردیی وەرگێڕاوە بۆ زمانی ئەڵمانی...) [۸۷]. ئەگەر سەرەنج بدەین, دەبینین لە ماوەی ڕابردوودا, لە چەند نووسراوێکی ڕووسیی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا, کە هەندێکیان لە پاڵ ئێرانناسی و تورکیاناسی دا, باسی کورد و ناوی کوردستان هاتووە. ئەو نووسراوانەش بە شێوەیەکی گشتی, لە هەڵە و کەم و کورتی بەدەر نین, چونکە کارەکانیان سەرەتایی و سەرپێیانە بووە, بۆیە نابێت چاوەڕوانی لێکۆڵینەوە زانستی قووڵ و وورد بکەین لە بارەی کورد یاخود کوردستان. لەگەڵ هەموو ئەمانەش, هەموو نووسراوەکان جێگەی بایەخن, چونکە هەر ئەم کارانە بوو, دواجار لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا, زیاتر پەرەی دەسێنن و لێکۆڵینەوەی فراوانتر و, توێژەری بەتوانا لەو بوارەدا پەیدا دەبن.

ئەنجام

١- بابەتی کوردناسیی, ئەو نووسراوانە دەگرێتەوە کەوا لە بارەی کورد و کوردستانەوە لە لایەن کەسانی غەیرە کوردەوە بە زمانی بیانی, لە دەرەوەی کوردستان نووسراون. هەڵبەت کوردێکیش ئەگەر لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان بە زمانێکی بێگانەی وەکو زمانی ڕووسی بنووسێت, ئەوە کارەکەی دەچێتە چوارچێوەی کوردناسییەوە.

٢- بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ لە پشت سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسییەوە هەبووە, کوردناسیش وەک و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسیی, یاخود لقێک لە تورکیاناسیی و ئێرانناسیی, بێگوومان کۆمەڵێک پاڵنەری گرنگ ڕۆڵیان گێڕاوە لە بارەی سەرهەڵدانییەوە, کە ڕەنگ بێت پاڵنەری ڕامیاری لە سەرووی هەموویانەوە بێت, بە تایبەتی شەڕەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئێران و ڕووسیا لەگەڵ تورکیا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا و, بەشداری کورد لەو شەڕانەدا, کە دواتر داگیرکردنی بەشێک لە خاکی کوردانی بەدوادا هات, لەم قۆناغەوە ئیدی ڕووسەکان بایەخ بە کورد و کوردستان دەدەن.

٣- سەرەتای کوردناسیی لە ڕووسیادا, دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەم, ئەوەی تێبینی دەکرێت, باسی کورد یاخود ناوی کوردستان لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم, زیاتر لە چوارچێوەی باسی ڕۆژهەڵات دا هاتووە. ڕەنگ بێت بایەخدان بە

کتێبی (شەرەفنامە) ی شەرەفخانی بەدلیسی لە ڕووسیادا, دیارترین نموونە بێت لەو بارەیەوە, کە دواتر باسی کورد و ناوی کوردستان لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و گەشتنامە و بڵاوکراوەیەکی میریی دا دەبینرێت.

٤- بەو پێیەی باسەکان لە بارەی کوردەوە لە قۆناغی سەرەتایی دا بوون, تێبینی دەکەین بابەتەکان زۆر سادەوساکار و کورتن, چونکە لەو ماوەیەدا, باس و ناوی کورد و کوردستان, هێشتا نەچووبووە نێو توێژینەوەی زانستیی و تایبەتیی ڕووسەکان, بۆیە نابێت چاوەڕوانی توێژینەوەی قووڵ و تێروتەسەل بکەین لە بارەی کوردەوە. هەرچۆنێک بێت, ئەو نووسینانە نرخ و بەهای تایبەتی خۆیان هەیە, کە گوزارشت لە قۆناغی سەرەتای کوردناسیی دەکەن لە ڕووسیادا, دواتر ئەم کەرەستانە, دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژینەوەی قووڵتر و بەرفراوانتر.

پەراوێز و سەرچاوەکان

١- جلال زنكابادي (المؤلف والمترجم): الكردلوجيا موسوعة موجزه, مطبعة جامعة صلاح الدين, أربيل, الطبعة الاولى, ٢٠١٤, ص.٧

٢- فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر, چاپی یەکەم, ٢٠٠٦, ل.٩

٣- جلال زنكابادي, المصدر السابق, ص.٧

٤- جەمال نەبەز: کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا, لە کتێبی (بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا), چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغداد, ١٩٧٤, ل٢-٣.

٥- ڕزگار ئیسماعیل کەریم: ڕۆڵ و کاریگەری زانستی کوردناسیی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا, گۆڤاری خاڵ, ژمارە (٢٤), ئابی (٢٠١٩), ل.٦

٦- جلال زنكابادي, المصدر السابق, ص.٧

٧- مارف خەزنەدار: دیجلەی هزرم-کۆمەڵە ووتارێکی ڕۆشنبیرییە بە شێوازێکی ئەدەبی-هونەری نووسراوەتەوە, بەرگی یەکەم, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, چاپی دووەم, ٢٠٠٦, ل.٩٧

٨- مارف خەزنەدار: سەرچاوەی پێشوو, ل٩٨-٩٩.

-٩Курдоев К.К. курдоведение, –Азиатский музей-Ленинградское отделение института востоковедения АН СССР. М.1972. С. 386

-١٠Там же. – С. 392

١١- جەبار قادر: ڕووسیا و کورد-دوو سەدە لە پشتگوێخستن (١-٤), ڕۆژنامەی ئاوێنە, ژمارە (٥١٢), سلێمانی, سێشەممە (٢٠١٦/١/١٩), ل.١٤

١٢- ئارام عەلی مستەفا: پەیوەندی نێوان کورد و ڕووس لە سەدەی دەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم, گۆڤاری زانکۆی سلێمانی, بەشی (B), ژمار (٣٣), کانوونی دووەمی (٢٠١٢), ل.١٦

١٣- جەبار قادر: سەرچاوەی پێشوو, ل.١٤

-١٤Минорский В.ф . Курды заметки и впечатления. Петроград. 1915. С. 41

١٥- فەرهاد شاکەلی (ئامادەکردن): گفتوگۆیەک لەگەڵ کوردناسی سۆڤییەتی بەناوبانگ (م.س. لازاریڤ), و: ئەنوەر قادر محەمەد, گۆڤاری (ماموستای کورد), ژمارە (٦), سوید, بەهاری (١٩٨٨), ل.١٨

-١٦ Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов. Исторический очерк. Тифлис. 1900. С. I

١٧- خالید موراد چەتۆیێڤ: مێژووی پێوەندییەکانی ڕووسیا و کورد-(لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامە), و: نەجاتی عەبدوڵڵا, لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژانەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی ی کوردی, چاپخانەی شڤان, سلێمانی, چاپی یەکەم, ٢٠٠٧, ل.١٣

١٨- خالید موراد چەتۆیێڤ: سەرچاوەی پێشوو, ل.١٤

١٩- خالید موراد چەتۆیێف: هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل.١٥

٢٠- أزاد عبيد سالح: الاثار الكاملة للدكتور أحمد عثمان أبوبكر, الجزء الاول, مؤسسة زين للاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي, مطبعة شفان, السليمانية, ٢٠٠٩, ص.٤٦

٢١- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل.٢١

٢٢- اسماعيل محمد حصاف: كوردستان و المسألة الكوردية, مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر, مطبعة خاني (دهوك), الطبعة الاولى, ٢٠٠٩, ص١٧١-١٧٢.

٢٣- ئارام عەلی مستەفا: پەیوەندی نێوان کورد و ڕووس لە سەدەی دەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم, ل.١٨

٢٤- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, .٢٢

٢٥- أزاد عبيد سالح: المصدر السابق, ص.٤٦

٢٦- ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا-کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی, چاپخانەی لیرە (سلێمانی), ستۆکهۆڵم, ١٩٩٩, ل.٤٣

٢٧- أزاد عبيد سالح, المصدر السابق, ص.٤٦

٢٨- عبد المناف شكر جاسم النداوي, العلاقات الايرانية-السوفيتية (١٩١٧-١٩٤١), أطروحة دكتوراه غير منشورة, معهد الدراسات القومية والاشتراكية-الجامعة المستنصرية, بغداد, ١٩٩٠, ص٢١-٢٢-٢٣.

٢٩- هەستیار کەمال کوردی: سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد (١٨٥٠-١٩١٤)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە, ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران, دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی, سلێمانی, ٢٠١١, ل٥١-٥٢.

٣٠- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل.٢٦

٣١- اسماعيل محمد حصاف, المصدر السابق, ص.١٧٢

٣٢- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل.٢٦
٣٣- Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов. Исторический очерк. Тифлис. 1900. С. 28
٣٤- ئارام عەلی مستەفا: پەیوەندی نێوان کورد و ڕووس لە سەدەی دەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم, ل.١٩
٣٥- Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов. Исторический очерк. Тифлис. 1900. С. 28
٣٦- أزاد عبيد سالح, المصدر السابق, ص.٤٧
٣٧- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل٢٦-٢٧.
٣٨- اسماعيل محمد حصاف, المصدر السابق, ص.١٧٢
٣٩- هەستیار کەمال کوردی, سەرچاوەی پێشوو, ل.٥٥
٤٠- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل.٢٨
٤١- هەستیار کەمال کوردی, سەرچاوەی پێشوو, ل٥٦-٥٧.
٤٢- هەستیار کەمال کوردی, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل.٥٨
٤٣- Бижан А.Н. История Российско-Курдских политических отношений в XIX веке //Общество и власть: века минувшие и день сегодняшний: сб. Материалы Четырнадцатой

региональной научной конференции г. Воронеж, 2020. Воронеж. С. 295

٤٤- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل.٣٢

٤٥- Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов. Исторический очерк. Тифлис. 1900. С. 45

٤٦- أزاد عبيد سالح, المصدر السابق, ص.٤٨

٤٧- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل٣٢-٣٣.

٤٨- اسماعيل محمد حصاف, المصدر السابق, ص.١٧٣

٤٩- أزاد عبيد سالح, المصدر السابق, ص.٤٩

٥٠- هەستیار کەمال کوردی, سەرچاوەی پێشوو, ل٦٠-٦١.

٥١- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل٣٣-٣٤.

٥٢- هەستیار کەمال کوردی, سەرچاوەی پێشوو, ل.٦٢

٥٣- أزاد عبيد سالح, المصدر السابق, ص.٥١

٥٤- اسماعيل محمد حصاف, المصدر السابق, ص١٧٣-١٧٤.

٥٥- خالید موراد چەتۆیێف, سەرچاوەی پێشوو, ل.٣٦

٥٦- جبار قادر: دراسات عن الكورد و كوردستان باللغة الروسية (١٧٨٠-١٩٠٠)-(عرض ببليوغرافي), مجلة الاكاديمية الكوردية, من منشورات الاكاديمية الكوردية, مطبعة الحاج هاشم, العدد (١١), أربيل, ٢٠٠٩, ص.٢٥٤

٥٧- Победоносцева А. О. Курды в Русских периодических изданиях XIX в. Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3, 2010. С.14.

٥٨- جبار قادر, المصدر السابق, ص.٢٥٤

٥٩- جبار قادر, المصدر نفسه, ص.٢٥٥

-٦٠Никитин В. Курды. Перевод с французского, вступительная статья редакция: Фаризова И.О. М, 1964. С. 400...

٦١- جبار قادر, المصدر السابق, ص٢٥٦-.٢٥٧

-٦٢ Победоносцева А. О. Курды в Русских периодических изданиях XIX в. Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3, 2010. С. 15-16.

٦٣- مجموعة من المستشرقين: أرض الاساطير-الثقافة الكردية بعيون الباحثين الروس, مجموعة (اريور) للطباعة, غازبروم نفط, ٢٠١٤, ص.١٧

-٦٤ Победоносцева А. О. Курды в Русских периодических изданиях XIX в. Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3, 2010. С.16.

٦٥- اسماعيل محمد حصاف, المصدر السابق, ص.١٦٧

٦٦- ئەلێکساندر پوشکین: گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم لە سەردەمی هێرشی سالّی ١٨٢٩ دا, و: مارف خەزنەدار, دەزگای چاپ و بلّاوکردنەوەی ئاراس, چاپخانەی ئاراس, هەولێر, چاپی دووەم, ٢٠١٠, ل٦٠. ,, الكسندر بوشكين: رحلة الى أرضروم وقصص أخرى ت: عبدالله حبه, دار المدى للاعلام والثقافه والفنون, بغداد, الطبعة الاولى ٢٠١٦, ص٦١-.٦٢

٦٧- ب.م. دانتسيغ: الرحالة الروس فى الشرق الاوسط، ت: معروف خزنەدار، منشورات وزارة الثقافة والاعلام-الجمهورية العراقية، دار الرشيد للنشر، بغداد،١٩٨١, ص١٧٤-.١٧٥

-٦٨ Минорский В.ф . Курды заметки и впечатления. Петроград. 1915. С. 20 .

٦٩- فتحی محمد علي: الكورد فی دراسات المستشرقين و مقالات أخری، كوردستان، مؤسسة O.P.L.C. للطباعة والنشر, الطبعة الاولی، ٢٠٠٦, ص.٨

٧٠- كەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد, بەرگی یەکەم, چاپخانەی (الاديب البغدادية), بەغدا, ١٩٨٥, ل.٢٥

-٧١ Курдоев К.К. курдоведение, –Азиатский музей-Ленинградское отделение института востоковедения АН СССР. М.1972. С. 386 .

٧٢- شەمسی محەمەد ئیسکەندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا-(شەرەفنامە) ی شەرەفخانی بدلیسی وەک سەرچاوەیێکی مێژووی نەتەوەی کورد, و: شوکور مستەفا, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, چاپی یەکەم, ١٩٩٨, ل.٤٤

-٧٣ Победоносцева А. О. Курды в Русских периодических изданиях XIX в. Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3, 2010 .С.16-17.

-٧٤ Там же. – С. 17.

٧٥- كمال مظهر أحمد: كردستان فی سنوات الحرب العالمية الاولی, ت: محمد الملا عبدالكريم, من مطبوعات المجمع العلمي الكردي, مطبعة المجمع العلمي الكردي, بغداد, ١٩٧٧, ص٤٤-٤٥.

٧٦- ب.م. دانتسيغ, المصدر السابق, ص٢٣٥-٢٣٦.

٧٧- مجموعة من المستشرقين السوفيت: موضوعات من الكوردولوجيا السوفيتية، ت: اسماعيل حصاف، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعه خاني، أربيل، الطبعة الاولی، ٢٠٠٧, ص.٧

٧٨- مجموعة من المستشرقين السوفيت, المصدر السابق, ص.١٩

٧٩- ب.م. دانتسيغ, المصدر السابق, ص٢٣٨-٢٣٩.

٨٠- ئەوڕەحمانی حاجی مارف: بەرهەمەکانم لە بارەی کوردناسییەوە- (نووسین و وەرگێڕان)، (کتێب و لێکۆڵینەوە)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٨٣- ١٨٤.

٨١- ب.م. دانتسيغ، المصدر السابق، ص٢٣٩-٢٤٠.

٨٢- ب.م. دانتسيغ، المصدر نفسه، ص٢٤١.

٨٣- ب.م. دانتسيغ، المصدر نفسه، ص٢٤٤-٢٤٥.

٨٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

٨٥- جلال زنكابادي، المصدر السابق، ص٧٠.

٨٦- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥-١٨٦.

٨٧- جلال زنكابادي، المصدر السابق، ص٧١.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی
کتێبەکان

١- ئەورەحمانی حاجی مارف: بەرهەمەکانم لە بارەی کوردناسییەوە- (نووسین و وەرگێڕان), (کتێب و لێکۆڵینەوە), سلێمانی, .٢٠٠٥

٢- مارف خەزنەدار: دیجلەی هزرم-کۆمەڵە ووتارێکی ڕۆشنبیرییە بە شێوازێکی ئەدەبی-هونەری نووسراوەتەوە, بەرگی یەکەم, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, چاپی دووەم, .٢٠٠٦

٣- کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد, بەرگی یەکەم, چاپخانەی (الادیب البغدادیە), بەغدا, .١٩٨٥

٤- جەمال نەبەز: کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا, لە کتێبی (بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا), چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغداد, .١٩٧٤

٥- شەمسی محەمەد ئیسکەندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا-(شەرەفنامە) ی شەرەفخانی بدلیسی وەک سەرچاوەیێکی مێژووی نەتەوەی کورد, و: شوکور مستەفا, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, چاپی یەکەم, .١٩٩٨

٦- ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا-کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی, چاپخانەی لیرە (سلێمانی), ستۆکهۆڵم, ١٩٩٩.
٧- فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر, چاپی یەکەم, ٢٠٠٦.
٨- هەستیار کەمال کوردی: سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد (١٨٥٠-١٩١٤)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە, ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران, دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی, سلێمانی, ٢٠١١.
٩- ئەلێکساندر پوشکین: گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم لە سەردەمی هێرشی ساڵی ١٨٢٩ دا, و: مارف خەزنەدار, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, چاپخانەی ئاراس, هەولێر, چاپی دووەم, ٢٠١٠.
١٠- خالید مورات چەتۆیێف: مێژووی پێوەندییەکانی ڕووسیا و کورد-(لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامە), و: نەجاتی عەبدوڵڵا, لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژانەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی ی کوردی, چاپخانەی شڤان, سلێمانی, چاپی یەکەم, ٢٠٠٧.

گۆڤارەکان

١- ئارام عەلی مستەفا: پەیوەندی نێوان کورد و ڕووس لە سەدەی دەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم, گۆڤاری زانکۆی سلێمانی, بەشی (B), ژمار (٣٣), کانوونی دووەمی (٢٠١٢).
٢- فەرهاد شاکەلی (ئامادەکردن): گفتوگۆیەک لەگەڵ کوردناسی سۆڤییەتی بەناوبانگ (م.س. لازاریڤ), و: ئەنوەر قادر محەمەد, گۆڤاری (مامۆستای کورد), ژمارە (٦), سوید, بەهاری (١٩٨٨).

٣- ڕزگار ئیسماعیل کەریم: ڕۆڵ و کاریگەری زانستی کوردناسیی لە ناسین و گەشەسەندنی زمانی کوردیدا, گۆڤاری خاڵ, ژمارە (٢٤), ئابی (٢٠١٩).

ڕۆژنامە

١- جەبار قادر: ڕووسیا و کورد-دوو سەدە لە پشتگوێخستن (١-٤), ڕۆژنامەی ئاوێنە, ژمارە (٥١٢), سلێمانی, سێشەممە (٢٠١٦/١/١٩).

دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

کتێبەکان

١- جلال زنكابادي (المؤلف والمترجم): الكردلوجيا موسوعة موجزة, مطبعة جامعة صلاح الدين, أربيل, الطبعة الاولى, ٢٠١٤.

٢- أزاد عبيد سالح: الاثار الكاملة للدكتور أحمد عثمان أبوبكر, الجزء الاول, مؤسسة زين للاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي, مطبعة شفان, السليمانية, ٢٠٠٩.

٣- اسماعيل محمد حصاف: كوردستان و المسألة الكوردية, مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر, مطبعة خاني, أربيل, الطبعة الاولى, ٢٠٠٩.

٤- كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات الحرب العاملية الاولى, ت: محمد الملا عبدالكريم, من مطبوعات المجمع العلمي الكردي, مطبعة المجمع العلمي الكردي, بغداد, ١٩٧٧.

٥- مجموعة من المستشرقين السوفيت: موضوعات من الكوردولوجيا السوفيتية، ت: اسماعيل حصاف، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خاني، أربيل، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.

٦- مجموعة من المستشرقين: أرض الاساطير-الثقافة الكردية بعيون الباحثين الروس, مجموعة (اريور) للطباعة, غازبروم نفط, ٢٠١٤, ص١٧.
٧- الكسندر بوشكين: رحلة الى ارضروم وقصص أخرى, ت: عبدالله حبه, دار المدى للاعلام والثقافة والفنون, بغداد, الطبعة الاولى ٢٠١٦.
٨- ب.م. دانتسيغ: الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ت: معروف خزنةدار، منشورات وزارة الثقافة والاعلام-الجمهورية العراقية، دار الرشيد للنشر، بغداد،١٩٨١.
٩- فتحي محمد علي: الكورد في دراسات المستشرقين و مقالات أخرى، كوردستان، مؤسسة O.P.L.C. للطباعة والنشر, الطبعة الاولى، ٢٠٠٦.

گۆڤار

١- جبار قادر: دراسات عن الكورد و كوردستان باللغة الروسية (١٧٨٠-١٩٠٠)-(عرض ببليوغرافي), مجلة الاكاديمية الكوردية, من منشورات الاكاديمية الكوردية, مطبعة الحاج هاشم, العدد (١١), أربيل, ٢٠٠٩.

تێزی دکتۆرا

١- عبد المناف شكر جاسم النداوي, العلاقات الايرانية-السوفيتية (١٩١٧-١٩٤١), أطروحة دكتوراه غير منشورة, معهد الدراسات القومية والاشتراكية-الجامعة المستنصرية, بغداد, ١٩٩٠.

سێهەم: سەرچاوەکان بە زمانی ڕووسی

کتێبەکان

1. Никитин В. Курды. Перевод с французского, вступительная статья редакция: Фаризова И.О. М, 1964.
2.Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов. Исторический очерк. Тифлис. 1900.
3.Минорский В.ф . Курды заметки и впечатления. Петроград. 1915.

گۆڤارەکان

1. Победоносцева А. О. Курды в Русских периодических изданиях XIX в. Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3, 2010

2. Курдоев К.К. курдоведение, –Азиатский музей-Ленинградское отделение института востоковедения АН СССР. М.1972.
3. Бижан А.Н. История Российско-Курдских политических отношений в XIX веке //Общество и власть: века минувшие и день сегодняшний: сб. Материалы Четырнадцатой региональной научной конференции г. Воронеж, 2020.

پوختەی توێژینەوە بە زمانی کوردی

کورد و کوردستان لە نووسراوە ڕووسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا

مێژووی بوونی کورد لە ناوچەکانی پشت قەفقاز-(باشووری قەفقاز), دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی نۆزدە. چونکە میرنشینی شەدادی لە سەدەکانی (١٠-١٢) ی زایینی, دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووە لەو ناوچەیەدا. دیارە پێگە ستراتیجییەکەی پشت قەفقاز, بایەخێکی زۆری هەبووە بۆ ڕووسیا, بۆیە دەمێک بوو کەڵکەڵەی داگیرکردنی ناوچەی نێوبراوو, لە لای ڕووسەکان گەڵاڵە ببوو. لەبەر ئەوەی بە داگیرکردنی ناوچەی قەفقاز, ڕووسیا دەیتوانی لەو ڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەرفراوان لەگەڵ ووڵاتانی ڕۆژهەڵات دا بکات. دیارە ئەم پرسەش وەک و بەشێک لە فراوانخوازییەکانی, بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم ڕووسیا لەو پێناوەدا بۆی جەنگیووە. بێ گوومان کوردیش لەم شەڕانەدا ڕۆڵێکی بەرچاووی گێڕاوە, چونکە بەشێک لە خاکەکەی ببوو بە گۆڕەپانی شەڕێکی درێژخایانی زلهێزەکان و, خێڵە کوردییەکانیش چالاکانە بەشداری سەربازییان کردووە و, توانیوویانە سەرەنجی زلهێزەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. دەرئەنجامیش ئەوە بوو کە بەشێک لە خاکی کوردان, لە لایەن ڕووسیاوە داگیر دەکرێت و, بەشێکی زۆری کوردیش دەچنە نێو جوگرافیا و قەڵەمڕەوی ڕووسیاوە. لێرە بەدواوە, ئیدی کورد دەبێتە

جێگەی سەرەنج و بایەخی ڕووسەکان. ڕەنگ بێت لێرە و لەوێ ناوی کورد, یاخود شوێنێکی کوردستان لە پێش سەدەی نۆزدەهەم دا لە نووسراوێک هاتبێت, بەڵام سەرەتاکانی تۆژینەوە لە بارەی کوردەوە لە لایەن ڕووسەکانەوە, زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم. لەم تۆژینەوەیەدا, هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو سەرچاوە و نووسراوە ڕووسییانە بخەینەڕوو, کە باسی هەندێک لایەنی گرنگی مێژووی کورد و کوردستانیان کردووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا. بێ گوومان ئەم قۆناغە مێژوویی, تایبەتمەندی و گرنگی خۆیی هەیە و, بە سەرەتای مێژووی کوردناسیی دادەنرێت لە ڕووسیادا, کە دواتر گەشە دەکات و دەبێت بە دەوڵەمەندترین جیگای کوردناسیی لە هەموو دونیادا. بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتگیر و ڕوونی کوردناسیی لەو ماوەیەدا بخەینەڕوو, تۆژینەوەکەمان دابەشی سێ تەوەرەی سەرەکی کردووە. لە تەوەرەی یەکەم دا, بە پوختی باسی زاراوە و چەمکی کوردناسیی دەکەین و, تێیدا لە چەند ڕەهەنێکی جیاوازەوە, کوردناسیی بە خوێنەر ئاشنا دەکەین. تەوەرەی دووەم, بە خێرایی تیشک دەخەینە سەر مێژووی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد, وەک و هۆکار و پاڵنەری سەرەکی سەرهەڵدانی کوردناسیی لە ڕووسیادا. لە تەوەرەی سێهەم دا, کە کرۆک و ئامانجی تۆژینەوەکەمانە, تێیدا گرنگترین ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و گەشتنامە و ووتار و لێکۆڵینەوانە دەخەینەڕوو, کە سەرەنج و تێبینییەکانیان لە بارەی کورد و کوردستانەوە تۆمار کردووە.

ملخص البحث باللغة العربية

الكرد و كردستان في الكتابات الروسية
خلال النصف الاول من القرن التاسع عشر

ان تاريخ وجود الكورد في مناطق ماوراء القفقاس(جنوب القفقاس) تعود الى فترة ما قبل القرن التاسع عشر. من المعروف ان الموقع الاستراتيجي لتلك المنطقة, كانت ذات أهمية كبيرة بالنسبة للروس, لذا بدأت فكرة أحتلال مناطق ماوراء القفقاس من قبل الامبراطورية الروسية, لان من خلالها يتم التبادل التجاري مع دول الشرق, لذلك نرى أن روسيا في القرن التاسع عشر دخلت عدة حروب مع كل من الفارس و تركيا لتوسيع أراضيها و تحقيق أهدافها. بدون شک ان الكورد كان لهم دور فعال في هذه الحروب, لان مناطقهم أصبحت مسرحا للحروب بين تلک الدول العظمى, وشاركت العشائر الكوردية في هذه الحروب و في النهاية أحتلت جزء من أراضيهم من قبل الامبراطورية الروسية. ومن خلال تلک الحروب, أقيمت العلاقات االسياسية بين الروس والكورد. خلال هذه الفترة أهتم الروس بالكورد وتاريخهم و ثقافتهم وحياتهم. طالما نقرأ أو نرى هنا و هناک أسم الكورد أو شذرات حول تاريخ كوردستان في الكتابات الروسية قبل القرن التاسع عشر, لكن بدايات الدراسات حول الكورد و كوردستان في روسيا تعود الى القرن التاسع عشر. في بحثنا هذا حاولنا أن نسلط الضوء على المصادر والكتابات الروسية حول جزء من تاريخ الكورد وكوردستان خلال النصف الاول من

القرن التاسع عشر. لان هذه الفترة تعد من بدايات الكردلوجيا الروسية, التي أصبحت أغنى مكان في العالم بأكملها في مجال الدراسات والبحوث حول الشعب الكوردي. يتكون بحثنا من ثلاث محاور أساسية, المحور الاول: مصطلح الكردلوجيا, حاولنا أن نوضح فيه باختصار هذا المصطلح من الابعاد المختلفة. المحور الثاني: العلاقات السياسية الروسية-الكوردية في بداية القرن التاسع عشر, سلطنا الضوء فيه كعامل و دافع أساسي لظهور الكردلوجيا في روسيا. المحور الثالث: الكورد وكوردستان في الكتابات الروسية خلال النصف الاول من القرن التاسع عشر, هذا المحور الذي هو هدف بحثنا, حاولنا أن نعرض أهم المجلات والصحف والرحلات والبحوث والمقالات والدراسات والكتابات في النصف الاول من القرن التاسع عشر الذي يتضمن مواضيع كثيرة حول تاريخ الكورد و كوردستان.

ABSTRACT

Kurds and Kurdistan in Russian writings during the first half of the nineteenth century

The history of the existence of the Kurds in the regions of Transcaucasia (South Caucasus) goes back to the period before the nineteenth century. It is known that the strategic location of that region was of great importance to the Russians, so the idea of occupying the Transcaucasian regions by the Russian Empire began, because through it the trade exchange with the countries of the East takes place, so we see that Russia in the nineteenth century entered several wars with each of Persia and Turkey to expand its territories and achieve its goals. Without a doubt, the Kurds had an effective role in these wars, because their regions became the scene of wars between those great powers, and the Kurdish clans participated in these wars, and in the end part of their lands were occupied by the Russian Empire. Through those wars, political relations were

established between the Russians and the Kurds. During this period, Russians became interested in the Kurds, their history, culture and life. As long as we read or see here and there the name of the Kurds or fragments about the history of Kurdistan in Russian writings before the nineteenth century, but the beginnings of studies about Kurds and Kurdistan in Russia date back to the nineteenth century. In our research, we tried to shed light on Russian sources and writings about part of the history of Kurdistan and Kurdistan during the first half of the nineteenth century. Because this period is one of the beginnings of the Russian Kurdology , which became the richest place in the world as a whole in the field of studies and research on the Kurdish people. Our research consists of three main axes, the first axis: the term Kurdology, we tried to briefly explain this term from different dimensions. The second axis: the Russian-Kurdish political relations at the beginning of the nineteenth century. We shed light on it as a factor and a main driver for the emergence of the Kurdology. The third axis: Kurds and Kurdistan in Russian writings during the first half of the nineteenth century, this axis which is the goal of our research, we tried to present the most important magazines, newspapers, trips, research, articles, studies and

writings in the first half of the nineteenth century who wrote various topics about the history of Kurds and Kurdistan

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە چەردەیەک لە بیرۆڕای کورد و کوردستان لە نووسراوە ڕووسیەکاندا بخەینەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە، لە سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت.

تەوەری یەکەم: هەوڵمان داوە کوردناسیی وەک و چەمک و ڕاڤەیە لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە بناسێنین.

تەوەری دووەم: تیشکمان خستۆتە سەر پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد لە سەردەمانی جیاوازدا، وەکو هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی کوردناسیی لە ڕووسیادا.

تەوەری سێیەم: تەرخان کراوە بۆ خستەڕووی گرنگترین ئەو نووسراوە ڕووسیانەی کەوا باسی کورد و کوردستانی تێدا هاتووە لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.